چەپکێ وتار

# گۆڕانێک پێش گوڵکردنی

ئاسۆ بیارەیی سوێد ٢٠١٥

چەپکێ وتار
گۆڕانێک پێش گوڵکردنی
ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٥

A change Before It Blooms

By: Asso Byari
.2014 - Sweden



پەنا بردنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەندێ هێز، کە پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهانگیری دەروەی سنوری نەتەوەکانیان پێ نابینرێ و ناکرێت، یەکێکە لەو هەڵە کوشندانەی کە پرۆسەی گۆڕانکاری و شەڕی چاکسازی لە باشووری کوردستان ئیفلیج کرد و لە ڕەوتێکی سەرتاسەری، ئاخەنییە سەرای سلێمانییەوە. بەڵکو بزوتنەوەکەی لە بازنەیەکی ناوچەیی دڵخرلودا کوت کرد و پەلوپۆی بچڕاند. گۆڕان بە پەنابردن بۆ ئەو هێزانە پێناسەیەکی کۆنخوازی دایە هێزی جەماوەر و هاتەرێک بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی پارتی و یەکێتی کە داخوازییەکان جەماوەر بخەنە گۆڕەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو هەنگاوەی گۆڕان، خۆبابیبوونی سەرکردەی ئەو بزوتنەوەیە و کەلەکەبوونی کینەیەکی مێژوویییە بەرامبەر نەیارانی سالآنی شاخ بوو. گۆڕان خوێندنەوەیەکی زانستی سۆسیۆلۆجی بۆ ئەم قۆناغە ئێستا نیە، کە جیهان ڕەنگاو ڕەنگە و گوندێکی بچوکە، چ لە بواری یەکترناسینی مرۆڤەکان و نزیکبوونەوەی هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەکان.

هێزە ئاینە سیاسیەکانی کوردستان کە ئەمڕۆ دەستەبرای ئۆپۆزیسۆنی یەکترن، بە هەمان ئاوەزی سالآنی شەڕی براکوژی نیشتوونەتە سەر پشتی گۆڕان و وا خەریکە جومگەکانی دەشکێنن و چی هێزی ئازادیخواز هەیە ووشکی دەکەن. بەرپرسیاری یەکەمیش سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕانە کە هاناى بۆ ئەو هێزانە بردووە، ئەوەش کارتێکی دۆڕاوە لە قازانجی بەرەی گەندەڵانە.

گۆڕانێک پێش گوڵکردنی
ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٤

**چەپکێ وتار**

# گۆڕانێک پێش گوڵکردنی

**ئاسۆ بیارەیی سوێد ٢٠١٥**

## پێشکەشە:

- بە باوک و دایکی تێکۆشەرم، کە فێریان کردم دژی ستەم سەنگەر بگرم
- بە گەریلاکانی خۆرئاوا ( کچان و کوڕان) کە توانیان گۆڕانکاری بنچینەیی لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی دەرباری ژنان، دروست بکەن و مەزنترین بەرگری لە کۆبانێ بکەن..
- بە کەسوکاری شەهیدانی پێشمەرگە..
- بە خۆبەختکەرانی حەڤدەی شوبات و کەسوکاریان کە بزوتنەوەی گۆڕان پشتی لێ کردن..
- بە شۆڕە سوارانی ڕێگای گۆڕانکاری و شارەستانی...

# پێڕست

## بەشی یەکەم

## وتارەکان

پێشەکی ........................................................................................ ١١
ئەوەی ئەمرۆ نەوشیروان مستەفا باسی دەکات ،
خەڵک چڵ ساڵە زیاتر دەیزانێت.............................................................. ١٣

لە گۆڕنانی بزوتنەوەی نوژەنبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردی
شکستییەکی تری بزوتنەوەی گۆڕان ............................................... ١٦

پارتی و بارزانی دووەم(مەسعود) لە وانەی دیموکراتی
لە حەڤدەی شوپاتدا شکستیان هێنا............................................... ١٩

پرۆسەی گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان
هێشتا بێکەسە................................................................................ ٢٢

بارزانی دووەم و تاڵەبانی یەکەم، پیرۆزبایی بۆ دەنێرن
و بزوتنەوەی گۆڕانیش بێ دەنگە................................................ ٢٧

ئۆپۆزیسۆن دەبێت هەوڵی دەسەڵات بدات
نەک سازش.................................................................................... ٢٩
ئێمە دەزانین چیمان ئەوێ*...................................................... ٣٢





کێشمەکێشی نیوان ڕەوتەکانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان
لە قازانجی کێ تەواو دەبێ؟ ................................................... ٣٦

دەبوو بزوتنەوەی گۆڕان
کار بۆ هەلوەشاندنەوەی یەکێتی نەکا! ........................................ ٣٩

برینەوەی مووچە لە داهاتی نەوت هەڵاٸاوسانی ئابوری-و
هەڵاٸاوسانی... گرژی نرخەکان لە بازار دروست دەکا.......... ٤١

ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن................................................ ٤٤

ژوانی دەسەلات لە لایەن ئۆپۆزیسۆنەوە
بە دوادا چوون و سەرنج................................................................ ٥٠

ئەگەر وا بڕوات باشووری کوردستان
دەبێتە سێ پارچە زیاتر.................................................................. ٥٤

تە نها نەوت دۆزی نەتەوایەتیە
دەستدرێژی داگیرکەران کێشە نیە ................................................ ٥٩

پەیامێک بۆ بزوتنەوەی گۆڕان
تکایە چی دی ئیسلامی سیاسی گەورەمەکەن!......................... ٦٣

مۆدێلی دانیشتنی دیواخانەکان هێشتا برەوی هەیە،
دانیشتنی مەسعود و نەوشیروان  بە نموونە!..................... ٦٦

هیوادارم ڕاست نەبم! کێ حکومەت دروست دەکا؟ ......................... ٧٠

تاڵەبانی و نەشیروان گەڕانەوە بۆ
چوارگۆشەی یەکەم ................................................................. ٧٢

ئەمجارەش دەسەڵات لە تاقیکردنەوەی تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا
کورتی هێنا ......................................................................... ٧٤

بارزانی دووەم: ئەو بەرپرسانەی کە ڕۆژی ١٧ی شوبات
فەرمانی تەقەیان دا ، دادگایی ناکرێن!............................... ٧٧

ڕاگەیاندنی دەسەڵات لە تەنگاویدا، داخوازی جەماوەر ناشیرین
دەکات و دەیکاتە شەڕی گۆڕان ............................................. ٨١

گۆڕانکاری یان جنێوکاری.......................................................... ٨٥

دارا دوای دیتنی دوو دار* فێری فەیس بووک بوو
هێشتا فازل میرانی برنەولەشانێکی دەست بەتەورە................ ٩٠





## بەشی دووەم
## توێژینەوە و بەدواداچوون

ئەو هێزانەی کە داینەمۆی گۆڕانکارییان
لە کۆمەڵگەدا بە دەستەوەیە ....................................................... ٩٤

ئایا هێشتا بزوتنەوەی گۆڕان
بەشێک نیە لە کۆمەڵگەی کوردی ؟............................... ١٠٦

چۆن پەنجەکان یەکتریان شکاند؟  ........................................ ١١٠

دوا وشە ...................................................................................... ١٢٠

بیوگرافیا  و بەرهەمەکانم ........................................................ ١٢٣

## پێشەکی

### مەبەست لە گۆڕان چییە؟

گۆڕان شیوازێکی نوێیە لە بیرکردنەوەی ژیان و داهینانی کۆمەڵەیک پێوەری نوێ لە چوارچێوەی پێکهاتەیەک یان سترکتورێک کە جیاوازبێت لەوەی پێش خۆی. ئەو گۆڕانە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەیە. ئەو هێزەی کە خاوەن گۆڕانە یان گۆڕان دەکات، بۆ ئەوەی بزوتنی کەسەکان و کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی نوێ بەرێت، دەبێت بتوانێت بۆچونی نوێ، ئاکار و ڕەفتاری نوێ بێنێتە داهێنان. لەسەر ڕۆشنایی چەمکی Empowerment کە دەبێت بەشێک لە دەسەڵات ڕادەستی تاکەکان بکرێت، پێویستە ئەو هێزە نوێیە خاوەن بەرنامەیەکی نوێ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەمووان لە یەکەیێکی بەهێزدا کۆبکاتەوە. لەهەمان کاتدا دەبێت سەرکردەیەکی ووریا و لێزانی هەبێت، کە لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوخۆی ڕێکخراوەکە بۆ چالاکردنی ئەندامەکانی کاربکات بۆ ئامانجانە دوور و نیزیکەکانی.

گۆڕان و گۆڕانکاری لە سەر کۆمەڵێکی بنەمای سەرەکی خۆی گیرکردوە و دەبێ ئەو هێز و لایەنانەی کە بانگەشەی گۆڕانکاری دەکەن، ئیدی لە ئۆرگانی دامەرزاوەی سیاسی بن یان ئاکار و هەڵوێستەی تاک، مێکانیزمێکی نوییان هەبێ و مەکۆکانیان بەو ئاراستەیە کاربکەن، کە بایەخ بە گەشەی مرۆیی و کۆمەڵگە بدەن.





کارکردنێک کە برژێتە ناو پرۆسەیەکی نوێوە کە مۆدێلی نوێ لە ژیان دەستە بەر بکا.
ئەم پەراوە بریتیە لە کۆمەڵێک وتار، کە لە سەردەمی دروست بوونی دەزگای ووشە (ئەو دەزگایە کە نەوشیروان موستەفا دروستی کرد) تاکو لە دایکبوونی بزوتنەوەی گۆڕان و خۆپێشاندانەکان و بەشداری ئەو بزوتنەوەیە لە حکومەتی بنکە فراوان.
وتارەکان کۆمەڵێک هەڵوێست و بۆچون دەخەنە ڕو، هەر یەکە بەپێی کاتی خۆی. هەندێکیان ئامانجیان پێکاوە و بەشی دیش پاش روداوەکان کەوتوون. زۆربەی ئەم وتارانە لە رۆژنامە و سایتەکان پەخشان کراون و لەبەر ئەوەی ڕەخنە ئامێزن، زۆرجار بوونەتە جێگەی وەڵامدانەوەی توند، لەلایەن شوێنکەوتوانی ئەو بزوتنەوەیە.

بەشی دووەمی ئەم پەڕاوە بریتیە لە چەند بە دواداچوونێکی سۆسیۆلۆژیانە دەربارەی چۆن پەنجەکان یەکتری دەشکێنن و هەڵکەوتەی سەکۆی بۆجونەکانی دامەزرێنەری بزوتنەوەی گۆڕان.
هەروەها شرۆڤەیەک دەربارەی دروستبوونی گروپ و گەشەی مرۆیی و ئەو بنەمایانەی کە پێویستن رێکخراوێک یان پارتییەک بەرەو پێش بەرن.
ئەم پەراوە بەگشتی دەربارەی بزوتنەوەی گۆڕانە و ئەو ژینگە سیاسییە و ئەنجامی لێکبەرکەوتنی لەگەڵ لایەنەکان و ڕەنگدانەوەی کاردانەوەکانی، دەخاتە ڕو.

ئاسۆ بیارەیی
٣٠-١٢-٢٠١٤ سوێد

**ئەوەی ئەمڕۆ نەوشیروان مستەفا باسی دەکات،**
**خەڵک چڵ ساڵە زیاتر دەیزانێت**

٣٠-٩-٢٠٠٨ سوێد

نەوشیروان مستەفا کە خۆی کارئەکتەرێکی دیاری ئەمجارەی ناوی بزوتنەوەی کوردی بووە و هێشتاش بەردەوامە، ماوەیەکی زۆرە لە نزیکەوە ئاگای لە سەرکەوتن و نشستیەکانە، ئەمڕۆ کەوتووەتە ڕەخنەگرتن و پێشاندانی خالە لاوازەکانی دارمانی دەسەلاتی کوردی، کە مۆنۆپۆلی دوو بنەماڵەیە.

نەوشیراون، باسی کۆمەڵێک شکستی و هەڵەی سیاسی دەکات، کە ئەگەر بیویستایە، بیدرکاندایە، پێشتر لە کاتی خۆیدا باشتر کاریگەری دەبوو. ئەوەی ئەو باسی دەکات کۆمەلانی خەڵکی کورد، چڵ ساڵە زیاتر دەیزانن. خوزگە ناوبراو بوێرانە تر دەستی بخستایەتە سەر ئەو برینانە، هەر لە ساڵەکانی شەست و شەشەوە، کە کۆمەڵگەی کوردی بووە دووبەرە، تاکو دروستکردنەوەی عێراقی عروبە بە دەست ینک و پدک، تاکو دوا شەڕی کورد کوژی لە لایەن هەردوو بنەماڵەی باڵا دەستەوە، کە بووە هۆی شکاندن و ئەتکردنی کەسایەتی کورد، کۆچکردنی هەزارەها گەنج بۆ هەندەران، بیوەژن کەوتن و تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەی کوردی..





پێویستە نەوشێروان مستەفا خۆی، یەکەم جار داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، کە بەشدارێکی کاریگەرە لە ئاشبەتاڵەکان، لە ،لە دەستدانی سنووری باشووری کوردستان بۆ عەرەبی داگیرکەر، بۆ فارس و عەلیپەرستەکان کە شاری بابا گوڕگوڕیان بۆردومان کرد ١٩٨٦، شاری هەلەبجەیان سەربڕی ١٩٨٨، کە تا ئەمڕۆش زمانی تەلەی تەقیوە بەرامبەر تۆرانیە فاشستەکان.

نەوشیروان دەیەوێت نەشیش بسوتێت نە کەباب، نە دەستبەرداری ئایدیۆلۆژی جەلالیزم بێت، نە سەنگەری گەل هەڵبژێرێت و نە سەرکردایەتی خەباتێکی پوختی نەتەوایەتی بکات، هەرچەندە ئەمەی داویی پێ ناکرێ. ناوبراو هێشتا هەڵوێستێکی ڕونی، تەنانەت لە ناو خودی یەکێتیشدا دیار نیە. هەربۆیەش تەنها سنووری کوردستان لە دەست نەچووە*، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی هەردوو بنەمالەی خۆپەرست و گەندەڵەوە، دوور نیە کوردەکانی باشوور کوردستان نە عەرەب و بە عەرەبی قسە نەکەن.

ئەگەر نەوشیروان لە بەرەی دڵسۆزاندایە، با بەڕاستی کار بۆ گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان بکات، نەک فرمێسکیان بۆ بڕێژێت، با ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی دژی دەسەلاتی تاڵەبانی و بارزانی پێکەوە بنێت و ئالای ڕزگارکردنی خانەقین و کەرکوک و..هەڵبکات، ئاخر ئەو هێشتا لە عەرەبێک زیاتر خۆی بە عێراقی دەزانێت، ئیدی چۆن دەتوانێت سەرزەنشتی ڕابەرە عێراقچیە کوردەکانی دی بکات؟ ئاخر ئەو سەرکردایەتی گەورەترین شەڕی برا کوژی کردووە (لەساڵی ١٩٨٣ تاکو ١٩٨٥، دەها چۆن دەتوانێت خۆڵ بکاتە چاوی میللەتەوە و بەرەو هەڵوێستێکی تاریک ئاراستەیان بکات و بڵێت: لە کوردستان شەڕ بەدەست کێیە؟*

سەرانی گۆران دەبێ ئەوە بزانن کە بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ، هیچ لە رابروودی پێشویان ناسرێتەوە و ناتوانن حەشا لە مێژوویان بکەن، کە چییان کردوە و ئاکارەکان چی بوون، ئەوان بەشێکن لەوە.

---

تێبینی: ئەم وتارە پێش دروستبوونی بزوتنەوەی گۆران نووسراوە

سەرچاوەکان

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Babet&Cor=Birura&jimare=324 ٭

٭

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Babet&Cor=Birura&jimare=320





## لە گۆڕانی بزوتنەوەی نوژەنبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردی شکستییەکی تری بزوتنەوەی گۆڕان

دیدێکی کۆمەڵناسیانە
٩-٤-٢٠١١ سوێد

پەنا بردنی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەندێ هێز، کە پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهانگیری دەروەی سنوری نەتەوەکانیان پێ نابینرێ و ناکرێت، یەکێکە لەو هەڵە کوشندانەی کە پرۆسەی گۆرانکاری و شەڕی چاکسازی لە باشووری کوردستان ئیفلیج کرد و لە ڕەوتێکی سەرتاسەری، ئاخەنیبە سەرای سلێمانییەوە. بەڵکو بزوتنەوەکەی لە بازنەیەکی ناوچەیی داخراودا کۆت کرد و پەلوپۆی بچراند. گۆڕان، بە پەنابردن بۆ ئەو هێزانە (پاشکەوتوانە) پێناسەیەکی کۆنخوازی دایە هێزی جەماوەر و هاندەرێک بۆ دەسەلاتی گەندەڵی پارتی و یەکیتی کە داخوازییەکان جەماوەر بخەنە گۆرەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو هەنگاوەی گۆڕان، خۆباییبوونی سەرکردەی ئەو بزوتنەوەیە و کەڵەکەبوونی کینەیەکی مێژووییە بەرامبەر نەیارانی سالانی شاخ بوو. گۆران خوێندنەوەیەکی زانستی سۆسیۆلۆجی بۆ ئەم قۆناغە ئێستا نیە، کە جیهان ڕەنگاو ڕەنگە و گوندێکی بچوکە، چ لە بواری یەکتر ناسینی مرۆڤەکان و نزیکبوونەوەی هێزە بزوینەرەکانی کۆمەڵگەکان.

هێزە ئاینە سیاسیەکانی کوردستان کە ئەمرۆ دەستەبرای ئۆپۆزیسۆنی یەکترن، بە هەمان ئاوەزی سالانی شەڕی براکوژی

نیشتوونەتە سەر پشتی گۆڕان و وا خەریکە جومگەکانی دەشکێنن و چی هێزی ئازادیخواز هەیە ووشکی دەکەن. بەرپرسیاری یەکەمیش سەرۆکی بزوتنەوەی گۆرانە کە هانای بۆ ئەو هێزانە بردووە، ئەوەش کارتێکی دۆڕاوە لە قازانجی بەرەی گەندەڵان و ئیسلامی سیاسیە.

بزوتنەوەی گۆڕان، بەو ئاراستەیەی ئێستای، چی هاندەری ئازادیخواز، لە کەسانی سەربەخۆ، چەپ، نەتەوەیی، نیشتمانی و هەندێ کەسی پاکی ناو دەسەڵات لە ناو دەبات. ئەو بزوتنەوەیە بەوە دۆڕاوە کە باج بۆ ئەو هێزە پاشکەوتوانە دەدات کە ئامادەنین لەشکری ئەندام و لایەنگرەکانیان لە شارەکانی هەولیر و دهۆک دژی گەندەڵی بهێننە سەرجادە، بەڵکو سلێمانی و لایەنگرانی خۆی دەکاتە سووتەمەنی نزای دوعای ئەوان بە ناوی ئاینەوە، ئەدی کەنگێ کورد کێشەی ئاینی هەبووە؟ هیشتا سەرانی گۆڕان کایەی سیاسی بەشێوەیەکی زانستی فێرنەبوون و هەمان هەڵەی تاڵەبانی و بەرزانی دووەم دەکەنەوە، کە ئەوەی یەکەمیان بۆ ڕازی کردنی ئێمام الزەمان خۆی دەکاتە شیعەیەکی عەیارە بیست و چوار و ئەوەی دووەمیشیان عێراقییەکی ئۆرگیناڵ و بە هێنانی سوپای داگیرکەران(٣١ی ئابی ١٩٩٦ بە نموونە) دژی یەکتر. ئەوانەش کە گۆڕان و سەرکردەکەی پەنایان بۆ دەبەن لەوان باشتر نین ئەگەر خراپتر نەبن. بۆ گۆران بەس بوو ئەگەر پشتی بە کەسانی ڕاستگۆ و قوربانییەکانی ئەنفال و خەڵکانی ناڕازی ببردایە، لێ هەر کاتێ لە سعودیە داپەروەری کۆمەڵایەتی هاتە دی، ئەوا ئەو هێزانەی کە گۆران پشتی پێ بەستوون و کردونی بە سێکوچکە ئۆپۆزیسۆن، دەتوانن بەرنامەیەکی بەهەشتی و ئەندێشەیی بۆ کۆمەڵگەی





کوردی بهێننە دی. کۆمەڵێک هێز کە نیوەی کۆمەڵگەی کوردییان کردوەتە ژێر چادر و سەرپۆشی عەرەبی و شیعیی و تۆارنییەوە..

هەربۆیەش گۆڕان و سەرکردەکەی گەورەترین ئەنفال و قەڵاچۆی گۆڕانکارییەکانیان لە باشووری کوردستان کرد، ئەو بڕوایەش بە گۆڕانکاری، کە خەریکبوو لە لای کۆمەڵانی خەڵک دروست ببێت، لە گۆڕ نرا و سەرهەڵدانی بە ئاسانی دروست نابێتەوە، هەمان بێ ئومێدی و ڕەشبینی ئاشبەتاڵەکەی پارتی ساڵی ١٩٧٤.

## پارتی و بارزانی دووەم(مەسعود)
## لە وانەی دیموکراتی لە حەڤدەی شوپاتدا شکستیان هێنا

بەدواداچوون
١٧-٢-٢٠١٣ سوێد

کەسانێک هەن نازناوی ئارامیان هەیە بەلام بێ ئۆقرن، کەسانێک هەن ناویان هێمنە بەلام نەک هەر هێمن نین بەڵکو شەپ بە هەموو لایەکی خۆیان دەهاوێژن. کەسانێک هەن خۆیان بە موسڵمان دەزانن بەڵام لە بێ دینێک پتر دژی خوا دەجولێنەوە. هەشن خەوی شین و پرتەقاڵی بە شتی نوێوە دەبینن، بەڵام هەنگاوەکانیانن لەوانەی پێشوتریان پتر بڕ ناکات. بەو جۆرەش لایەنی وا هەیە نیو سەدە زیاترە پاشگری دیموکراتی لکاندوە بەخۆیەوە و بووتە پاشناوی، بەڵام بروای بە بیرکردنەوەی دی نیە. لێرەشدا بەو واتایە ئەو پاشناوانە تەنها وەک پۆشاکیک وایە و تەنها ووشەیە.

دیموکراتی بە دروشم و پاشناو نیە، دیموکراتی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە، واتە پەسەندکردنی یەکتر و ئاشتەوایی دەرهەق بە بیرۆکەکانی بەرامبەر و ئەو جیاوازییەی کە لە نیویاندا هەیە. بزوتنەوەی کورد لە تەمەنی دەسەلاتی حزبی بەعسەوە خەریکی یەکتر قڕکردن و هەڵنانی لایەنگری یەکدیە دژی ئەوی دی، نەک پەروەردەی نەتەوایی و پتەوکردنی هاوئاهەنگی نێوان جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی. تەقەکردن لە خەڵکی سڤیل و





کوشتنی منداڵانی کورد، بەدەست شوێنکەوتوانی بارزانی دووەم( مەسعود بارزانی) نەک تەنها کۆرپەلەی دیموکراتی لە منداڵاندانی کۆمەڵگەی کوردی لەبار برد بەڵکو، هێندەی دی شەوێنی* ئاشتەوایی و گیانی برایەتی سەربڕی. دووبەرەکی لە نێوان بادینان و سۆران، لە نیوان تاکی خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردی چڕتر کرد، هێندەی دی گیانی بنەمالەیی و ناوچەیی لە تای تەرازووی نەتەوەیەکی بێ لانەدا ، بەلای دوژمنایەتیدا بەهیزکرد و هێندەی دی نەخۆشی زەبری دەروونی(تراومای) سیاسی بەرفراوان کرد .مەگەر سەرۆکی عەشرەتێکی سەدەکانی ناوەراستی شانازی بەوەوە کردبێ کە دەها غولامی چەک بەدەستی هەبووبێ ئەگەر بەر هەڕەشە بکەوێ، بیانخەتە ئامادەباشییەوە. بەرزانی دووەم(مەسعود) لەوەشدا شکستییەکی گەورەی وەک سەرۆک و رابەرییێک هێنا و هیچ بیردۆزێکی زانستی بەسەریدا ناگونجێ. بەرزانی دووەم دەبوو ژیرانە و هێورتر رەفتاری بکردایە، پێش ئەوەی بە پێوەرەکان بنەمالەی بەرزانی و پیاوەکانی شانازی بکردایە، دی تایتلی سەرۆکیی هەرێمی هەیە، چونکە ئەو، پارتیشی وەک حزب بچوک کردوە، ئەو کاتەی کە تەنها پەنای بۆ پیاوەکانی بنەماڵەی بارزانی برد، تەنانەت سووکایەتیش بە ژنان و کچان کرد کە تەنها هێزی باوکسالاری پیشان دا، کە تەنها هێزی پیاوە چوارشانەکانی بەرزانی بەهەند وەرگرت، هەر چەندەها سەدەها وەک لەیلا قاسم لە پێناوی ئەو ڕێبازەدا گیانی خۆیان بەخت کرد . بەو هەڕەشەیە و دادگای نەکردنی تاوانباران، بارزانی ئەو رەواییەی دا بە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش کە هەمان رەفتار بکەن و بروایان بە بیرۆکەو بۆچونی دی نەبێ، کەوا سلێمانی بکەنە مەککەو جێگەی پەسەند نەکردنی هێزەکانی دی، کەوا پرۆسەی

گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان بەرەو کەنداوێکی نادیار بەرن. ئەوە کارەساتی ڕەفتاری سەرکردەی نەکردەیە. سەددامیش پاشگری سۆشیالیزم هەڵگرتبوو، بەڵام بەکۆمەڵ، نەتەوە و چینە جیاوازەکانی عێراقی بەرەو چارەنووسێکی خوێناوی برد. کەواتە ئەوە تەنها پاشناو و دروشم نیە کە ڕاستی لایەنێک دەخاتە ڕوو، کە ناوەڕۆکێکی دەڵەمەند و ڕاستەقینە دەبەخشێ بەو کەس و لایەن، ئەوە رەفتار و بۆچوونەکانە ئەوە دەسەلمێنێ کە دیموکراتیەت چەس.

- شەوێن: شەونخونی شوان بەدیار مەرەکانییەو و سەردانی شوانەکانی دی.

تێبینی: ئەم وتارە، لە ڕۆژی حەڤدەی شوبات نووسراوە. بەرزانی دووەم(مەسعود) ئەو ڕۆژە لەباتی چارەسەرکردن و سەردانی سلێمانی، دەستی کرد بە هەرەشەکردن، کە بنەماڵەی بەرزانی هەزار پیاوی هەیە





## پرۆسەی گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان هێشتا بێ کەسە

خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە

٢٣-٢-٢٠١١ سوێد

لەوەتی بزوتنەوەی گۆران دروست بووە، سوود لەو شەپۆلە ناڕەزاییە وەردەگرێت کە لە جەماوەری هەژاری کورد هەیە، ئەو جەماوەرەی کە لە بێ سەرکردەییدا هەندێ جار ڕوودەکاتە لایەنی ئیسلامی سیاسی و هەندێ جاریش لە کەسانی سەربەخۆ و وردە ڕێکخراوەدا خۆی دەبینێتەوە. نەبوونی چاکسازی و باری شێواوی خزمەتگوزاری ڕۆژانە کە بەشێکی گرنگیان لە ئەستۆی دەسەلاتی مۆنۆپۆلی (پارتی و یەکێتی) دان، بەشەکەی تریش کەرتی بازاری بەرەڵان. بزوتنەوەی گۆران بە سەرکردایەتی سەرکردەیەکی بە ئەمەکی جەلالی کۆن(نەوشیروان موستەفا)، دوژمنی سەرسەخت و نەیاری ماڵباتی بەرزانی، خوێندنەوەیەکی زانستی(سایکۆلۆژی کۆمەلنناسیانەی) بۆ کۆمەڵگەی کوردی نیە. چونکە ئەگەر پارتی یان حسک، بۆ نموونە گیانی خێڵەکەی بەسەریاندا زاڵە، ئەگەر ئیسلامی سیاسی ڕەوتی ئاینی بەسەریاندا باڵا دەستە، ئەوا تا ڕادەیەکی شاراوە و ئاشکرا سەرکردەکەی بزوتنەوەی گۆران و برێکی کەم لە جەماوەرەکەی کە قوربانیی شەڕی جەلالی مەلایین و خوینیان ڕژاوە، تا سەر ئێسک ناوچەگەری دەکەن و لە ئامانجی پرۆسەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە، گۆڕانەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو هەڵدێر دەبن، دووریش نیە هەندێ لە سەرکردەکانی سازش لە گەڵ دەسەلاتی کوردیدا نەکەن.

ئەوەی کە دووفاقە و چەند سەرەیە، ئەوەیە کە گۆران خۆی بە دەنگی خەڵک گەیشتە پەرلەمان و بەشێکە لەو پەرلەمانەی کە ئەمڕۆ داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکات. دەبوو ئەگەر بڕوای بە پرۆسەی دەنگدان نەبێت، ئەو پەرلەمانەی بە ساختە و بێ کارا بزانێت، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە لە دەروەی ئەو یانە میللیە (پەرلەمان) کایەی سیاسی خۆی تاوا دایە، دیارە گۆڕان دەنگی ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بەهەند وەرنەگرتووە بۆیە پاشگەزە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، یان دەیەوێت ڕای کەمینەی خۆی بەسەر زۆرینەدا بسەپێنێت، لەهیچ پەرلەمانێکی دونیایش نەبووە کە کەمینە بتوانێت پرۆژەی خۆی تێپەڕبکات. ئەم کارەی گۆڕان، لە چاوەڕواننەکردنی بۆ هەڵبژاردنێکی تر و هاندانی خەڵکی بۆ هەڵوشاندنەوەی پەرلەمان، لە پێشەوە تێکدانی مافی ڕەوایی ئەو دەنگانەیە کە دەنگیان بۆ داوە. لێرەدا دەردەکەوێت کە هێشتا پەیکەری سیاسی و ڕێکخراوەیی گۆران و سەرکردەکەی هێشتا لە چەکەرەدایە و گوڵی نەکردوە، بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بە قوناغێکی هەرزەیی سیاسی هەڵدێردا دەڕوات کە دور نیە پرۆسەی گۆڕانکاری نوێ لە باشوور هەڵپروکێنێت.

بزوتنەوەی گۆران لە خۆپیشاندانەکەی ئەم ڕۆژانەی داوییدا، هێشتا دروشمەکانی لە شەڕە دێرنەکانی(جەلالی-مەلایی) ساڵانی شەست دەچێت، سوتاندنی ڕەنگ و قین و..هتد، بەو ڕەفتارانەی گومان لای هاولاتی دروست دەکات، ئەگەر لقێکی شاراوەی جەلالیزم نەبێت!





گۆڕان دەیتوانی ڕەنگێکی نوێ، پەیکەرێکی سیاسی، پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی نوێ بۆ خۆی دابهێنایە، نەک پشتی بە زاراوە وتەرمە پاشکەوتوەکانی شەڕی براکوژی ببەستایە، بۆ نموونە:" کلک زەردەکان" بۆ دەروە!. ئەوە نیشانەی زاڵبوونی جەلالیزمە، ئەگەر گۆڕان بەو شێوەیە هەنگاو بنێت، دوورنیە بە ئاشکرا ببێتەوە بە بەشێکی ئاشکرای جەلالیزم. دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەوەی تاڵەبانی بۆ سەرۆکی عێراقی عەرەبی، یەکێکە لە زەقترین ئەو خاڵانە کە دەیسەلمێنن کە جەلالیزم برەوی بەهێزە لە نێو ڕیزەکانی ئەو بزوتنەوەوەیەدا. هەمان شت ئەگەر هەندێ لایەنگری بارزانی دووەم(مەسعود) دروشم و سلۆگان بەرزبکاتەوە دژی سۆرانیەکان. لە کۆتاییدا زیان بە یەکبوونی نەتەوایەتی دەدات.

بزوتنەوەی گۆڕان تەنانەت لە سەر ئاستی کایە سیاسیەکانی عیراقیش هەمان ڕەنگی پارتی و یەکێتی هەیە، جاران ئەگەر ئەو دوو هێزە هەندێ جار پەنایان بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکان بردبێت، گۆران و سەرکردەکەی بە ئاشکرا سکالا لای حکومەتێکی عەرەبی لاواز دەکەن، کە لە گەندەڵی و دوژمنایەتی کورددا گەوزاوە، سەکردەکەی گۆڕان هێشتا دەڵێت کوردستانی عێراق، بەمەرجێ ئەو پێناسەیە لای عەرەبە شۆڤێنیەکانیش باوی نەماوە.

گۆران کاتێک گۆڕان دەبوو، کە کایەی سیاسی نوێ فێری گەلی کورد بکات، خۆپیشاندانی لە بەردەم پەرلەمانی عیراق بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردایە، داوای گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی بکردایە، داوای دادگاییکردنی سەرۆک جاش و ئەنفالچیەکانی بکردایە، ئەو داوایانەی کە جەلالیزم و مەلاییزم لە

ماوەی چڵ ساڵدا شکستیان هێنا لە بەدیهێنانی. بە داخەوە شینی سەرکردەکەی گۆڕان لە داوای ئابوری ناوچەیی (بەشە نەوت بە نموونە) زیاتر برناکات، فەلسفەیەکی دادوەرانەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێ نیە کە بتوانێت بەیەک چاو سەیری تاکەکانی کۆمەڵگە بکات. گۆران بەو شێوەیەی ئەمرۆی ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی هوشیاری ئاوەزیی زانستی(علمانی عقلانی) دروست بکات، دوورنیە لێرەشدا ئامانجێکی تری ئیسلامی سیاسی تەواونەکات. هەربۆیەش تا ئەمرۆ نەیتوانیوە بەرفراوانبێت و کێشی لەشارەکانی تر باشووری کوردستان هەبێت، بۆیە نەیتوانیوە ببێتە جێ ئومێدی ئاواتی بەرینە. نەیتوانیوە بە تەواوی بەرگی جەلالیزم فرێبدات و خوێندەوەیەکی زانستی بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەبێت. هێشتا بە ئاگا نیە لە فاکتەر و هاندەرە بنەماڵەیی و خێڵەکیانە کە کۆمەڵگە کورییان پێکهێناوە. هێشتا لەوە تێنگات کە ئەگەر سەرگەورەی خێزانێک یان بنەماڵەیک هەر حزبێک هەڵبژێرێت، ئەندامەکانی ئەو خێزان و بنەماڵەیە بێ یەک و دوو دەبنە ئەندام و جەماوەری ئەو حزبە. نموونە، شیوعیەکانیش ئەو مۆرکەیان پێوە نراوە، هەرچەندە دبوو وانەبن. گۆڕان و لایەنگرانی دەبێ ئەو دروشمە نهێنە لابەرن کە دەڵێن پاکسازی فلان لایەن یان بنەماڵە. کۆمەڵگەی کوردی پێش هەموو شتێک پێویستی بە شۆڕشی رۆشنبیری هەیە، شۆڕشێک کە تاکەکان خۆیانی تێدا بناسنەوە و بێ دەنگ نەبن لە پێشێلکردنی مافەکانیان.

گۆڕان وەک پارتییەکانی ناوە و دەرەوەی پەرلەمان، خاوەنی ئەو توانا و داهێنانە نیە و بە دەست هەمان نەخۆشییەوە دەناڵێت. چونکە مەکۆی ئامێرکەی، زۆربەیان لە کەسانی سەردەمی ناکۆکی کۆنخواز و داخ لەدڵی (جەلالی-مەلایی) پێکهاتووە. لەو قەوارە





پاشکەوتووە ناتوانن بچنە دەروە. گۆڕان دەتوانێت خەڵک بێنێتە سەرجادە و بیدا بەگژ یەکتردا، بەڵام دروشمەکانیان لە هەڕەشەکانی سەرانی دەسەلات، فازل میرانی* مشار بەدەست بە نمونە، تێپەرناکات..لێرەدا ئەوە پێشکەوتنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەیە، ئابوریە و سیاسیە، کە کۆتایی بە رژێمێکی کۆمەلایەتی کۆن و سواو دەهێنێت. نەک بە زۆر و ناوچەگەری. ئەم پۆلەتیکایەی ئێستەی گۆڕان کوردستان پتر پارچە پارچە دەکات. لەم ئامانجەشدا گۆڕان ئاسۆکانی گۆڕانکاری لێ ونە.

- فازل میرانی: ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پارتی. لە تاوانی حەڤدەی شوباتی ٢٠١١ وتی: ئەوەی هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی پارتی دەستی دەبرینەوە. ئیدی لەو رۆژەوە نازناوی مشار بە دەستی وەرگرت. شایەنی باسە لەو رۆژەدا ،پاسەوانەکانی لقی چواری ئەو حزبە بێ دوودڵی تەقەیان لە خەڵکی راپەریوی شاری سلێمانی کرد و جەندەها منداڵ و کەسیان کوشت و بریندار کرد.

**بارزانی دووەم و تاڵەبانی یەکەم، پیرۆزبایی بۆ دەنێرن**
**و بزوتنەوەی گۆرانیش بێدەنگە**

ڕەخنە

١١-٧-٢٠١٠ سوێد

ﺍلەم ڕۆژانە د.علی قرداغي که تاز بووەتە ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانان و پیرۆزبایی لە هەردوو سەرکردەی، پارتی, بارزانی دووەم(مسعود بارزانی) و ینک تاڵەبانی یەکەم(جەلال تاڵەبانی) پیگەیشتوە، لە کوبونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک سەرکردەی موسڵمان، لەوانە قەرزاوی، لەسەر ئەوەی ڕێککەوتون کە بزوتنەوەی باکور و گەلی کورد تیرۆریستن و دەبێت هەموو پێکەوە دژی بوەستنەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە سوپای تورانیە دڕندەکان و فارسە عەلیپەرستەکان، پەیتا پەیتا خاکی کوردستان بۆردومان دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر گەلی کورد.

ئەوەی کە ئاشکرایە و ناشادرێتەوە هەڵویستی لاوازی لیستی کوردستانی و هەرێمە بە گشتی کە بەرژەوندی باڵای ئابوری و قازانجەکانی خستوەتە پێش هەموو بەرژوەندییەکی کوردییەوە، گرێدانە ئابوریەکانیان لە لە گەڵ فارس و تۆرانیەکان پتر لا مەبەستە تاکور بەرژەوەندی نیشتمانی نەتەوەیی.

ئەوەی کە جێگەی سەرزەنشتە و بیرهێنانەوەیە، بێ دەنگی بزوتنەوەی گۆرانە بە سەرکردایەتی نەوشیروان موستەفا بەرامبەر





هێرش و سوکایەتی تورانیەکان و موسڵمانە کوردەکان، وێنەی د،عەلی قەرەداغی کە دەستی لە گەڵ قەرزاوی تیرۆریست تێکەڵ کردوە و دژی گەلی کورد کاردەکات. شایەنی باسە ماوەی چڵ ڕۆژە زیاتر بزوتنەوەی گۆران هەموو میدیاکانی بۆ (سەردەشت عوسمان)* تەرخان کردوە(کارێکی باشە)، بەڵام کێشە گرنگەکانی تری وەک هێرشی داگیرکەرانی کوردستانی فەرامۆش کردوە. لێرەشدا تەنانە بێ دەنگیان بەرامبەر هەڵوێستی چەوتی د. عەلی قەرەداغی بەرامبەر کورد هەلبژاردوە. لێ پێویستە ئەگەر گۆران خۆی بە خەمخۆری لێقەوماوانی کورد دەزانێت، بێ دەنگ نەبێت بەرامبەر ئەو جۆرە پیشێلکاریانە کە دەرهەق بە گەلی کورد دەکرێت و لە پەرلەمان باسیان بکات و بیانکاتە کێشەی خۆی و د. عەلی قەرەداغی و هاوەڵانی ڕیسوابکات و هەمان هەڵویستی پارتی و ینکی نەبێت. شایەنی باسە بزوتنەوەی گۆران لاباڵێکی سیاسی باشوری کوردستانە و بوونێکی دیارەی هەیە بۆیە بەرپرسیارە لە وەرگرتنی ئەو هەڵویستانەی کە پیوەندەی بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەیە.

---

سەردەشت عوسمان: ئەو گەنجە بوو لەسەر هۆنراوەیەکی دڵداری ، لە بار و دۆخێکی شاراوەدا لە هەولێر تیرۆر کرا.

دەقی بەیاننامەکەی قەرزاوی بە ئامادەبوونی د. عەلی قەرەداغی دژی گەلی کورد

http://islamtoday.net/albasheer/artshow-12-135230.htm سایتی د. عەلی قەرەداغی

http://www.qaradaghi.com/portal/index.php?option=com_content&view=article&id=4

**ئۆپۆزیسۆن دەبێت هەوڵی دەسەڵات بدات**
**نەک سازش..**

**ڕەخنە**

٢٩-٥-٢٠١١ سوێد

لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی و تەنانەت لەو شوێنانەی کە دیکتاتورەکان برەویان هەیە، بەرەی ئۆپۆزیسۆن یان بەرهەڵستکار هەمیشە لە کاری ئەوەدایە کە چۆن دەسەلات وەربگرێت و بەرنامەی خۆی پراکتیزە بکات. لە لایەکەوە دەسەلاتی حکومەتەکەی حزبەکانی (بەرزانی دووەم و تاڵەبانی یەکەم) لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە هەوڵی بچوکردنەوەی داخوازیەکانی خەڵکن، پارتە بەرهەڵستکارەکانیش هەمان هەڵە دەکەن و داخوازییەکانی جەماوەرییان لە گوماوی بەرژوەندی تایبەتی(شەڕی جەلالی-مەلایی و جیهادا) نوقم دەکەن.

بەڵێ ئۆپۆزیسۆن (گۆڕان جوت پارتە ئیسلامییەکە) و دەسەلات دەتوانن لە پرسە نیشتیمانییەکان کە پێوەندییان بە بەرژوەندی باڵای نیشتماییەوە هەیە تەبا و کۆک بن، کارێکی پۆزەتیڤە. ئەوەی ئەمڕۆ سەرانی هەرسێ براکەی ئۆپزیسۆن دەیکەن، بە پێچەوانەی ئامانج و خواستەکانی گەلە، کە دەها کەس بوونە قوربانی بۆی. دانیشتن لە گەڵ دەسەلاتێک کە کارایە لە خۆدزینەوە و دروستکردنی کیشەی نوێ (بڕینی موچە و دەرکردنی خەڵک لە سەر کار)، دروستکردنی قەیرانی نوێ بۆ لە خشتەبردن و





فریودان، چی پێناسەی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسۆن هەیە لە دەستی دەدات.

ئۆپۆزیسۆن دەبێ هەوڵ بدات بەرنامە و پرۆژەی خۆی بهاوێژێتە ناو پەرلەمان و ڕۆژانە بیخاتە بەردەم خەڵک، نەک ببێتە بەشێک لە دەسەلات و وەک دووبەرەی شەڕ لەسەر مێزی سازش، لە گەڵ دەسەلاتێکدا کە سەرتاپای گەندەڵڕەنگە، کات بکوژێت. لێ چ سەرانی دەسەلات و چی سەرانی بە ناو ئۆپۆزیسۆن هەمان هێمای شەڕی براکوژی و شاخن کە ساڵانێکی دوور بە خوێنی یەکتر تینو بوون. لە دۆخی وادا کە متمانە و بروا نەبێت، لە کوێ کەشووهەوایەکی دیموکرانی برەوی هەیە. هیچ بەرەیەک بڕوای بەو دی نیە. کەواتە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە ئۆپۆزیسۆن ڕیالیستی و بابەتیانە بیربکاتەوە هەنگاوی بەرەو پێش بنێت.

کە پرۆژەی ئۆپۆزیسۆنیش بووە بەشێک لە بیرو بۆچونی خەڵک ئیدی ئەو دەسەلاتە ناتوانێت بەرگەی شەپۆلی ناڕەزایی جەماوەر بگرێت. خۆپیشاندانەکانی وڵاتی عەرەبی باشترین نموونەن، ڕاپەرینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان تاقیکردنەوەیەکی زیندوی ترە. ئەوەی ئۆپۆزیسۆنی سێ براکە کردی بە پێچەوانەی ئۆپۆزیسۆنی ڕاستەقینەوە بوو، وەک ئاماژەم پێدا، لۆکاڵی و سووربوون لە سەر ئامانجی و کەسێتی، پشت بەستن بە کۆمەڵێک هێز کە ڕیشەیان لای داگیرکەرانی کوردستانە، هەمان هێماکانی شەڕی مەلایی-جەلالی و نەبوونی متیودی زانستی بۆ پیشڕەوایەتی خەڵکی ناڕازی. ئەو دانیشتنانەی سێ براکەی ئۆپۆزیسۆن ئەمڕۆ لە گەڵ دەسەلات، لەوە دەچێت کە کۆمەڵێک

سەرۆک عەشرەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەی عەشایری چوونە کن سەرۆکی بنەماڵەیەکی گەورەتر(مسعود بەرزانی بە نموونە) کە چیتر ڕێگە لە پەزەکانیان نەگرێت ئەگەر هاتوو، بۆ لەوەڕاندن کەوتنە ڕێ بۆ ئەو دەڤەرەی کە ئەو باڵا دەستە..





**ئێمە دەزانین چیمان ئەوێ***

بەدوادا چوون

سوێد ٧-٥-٢٠١١

ئەوەی کە کەمێ چاودێری بارودۆخی باشووری کوردستانی کردبێ، بە چاوێکی بێ لایەن و زانستیەوە هێزە بزوێنەرەکانی باشووری کوردستان تەماشا بکات، تا ڕادەیەک لە ئاواز و ڕێچکە پرۆگرام و واتیلەی (ئاخاوتن)* هەموویان دەخوێنێتەوە. ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکات کە کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی لە باشوور، گێرۆدەی نێو بیری درکاوی کۆمەڵێک پارتی و ڕێکخراو بووە، کە پرۆسەی پێشەوەچوونی ئەو بەشەی کوردستانیان لە لیتەی شەڕی براکوژی، جەلالی-مەلایی و ئیسلامی سیاسی، ناوچەییدا و گۆشەگیرکردوە.

دوای دیارنەمانێکی درێژخایەن و وونبوونی لە نێو میدیاکان و دانەبەزینی لەبەردەرکی سەرا، سەرۆکی بزوتنەوەی گۆران(نەوشیروان)، ووتارێک دەنووسێت کە ( ئێمە ئەزانین چیمان ئەوێ) و باسی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی دەکات. ئاشتی کۆمەلایەتی چۆن دەستەبەر دەکرێت؟ ئەو ووشانەی کە لەسەردەمی شەڕی جەلالی مەلاییەوە خەڵکی هەژاری کورد باسیان دەکات و هیچ کام لەو سەرکردانە بە خۆشییەوە هێشتا گوێی لێناگرن. شەڕێک کە ئەم جارە بە شێوەیەکی مۆدێرن درێژەی پێدرا و بزوتنەوەی

گۆڕانکاری لە باشووری کوردستان خستە نێو ئەو گۆڕە قوڵەی کە بارزانی دووەم(مسعود) و تاڵەبانی یەکەم(جەلال) و ئیسلامی سیاسی بۆیان هەڵکەندا.

بێگومان ئاشتی کۆمەڵایەتی دەستبەر ناکرێت، ئەگەر پرۆسەی یەکتر پەسەندکردن چەکەرە نەکات و گوڵی لە نێوا ناخی تاکی کورد دا نەکرێتەوە. کارەسات و قەیران لەوێوە دەست پێ دەکات کە سەرەتای بزوتنەوەیەک هەمان کۆپی بێت و وەک وەچەی ئەوانەی پێش خۆی لە شەقامی کوردیدا خۆی بناسێنێت. بزوتنەوەیەک خۆی بە ڕابەری گۆڕانکاری بزانێت و گوێ لە هاواری ڕەخنەگران نەگرێت و بیانخاتە سەنگەری دوژمنانەوە. بەڵی دریژە بە بیردۆزی پیلانگیری(کۆنسپریشن تیۆری) بدات بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە سەربەخۆن و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیانەوێت پاڵێک بە پرۆسە پشکەوتنی کۆمەڵگەوە بنێn.

وتاری (ئێمە ئەزانین چیمان دەوێ) چارەسەرێکی زانستی ئەوتۆی میتودیکی تێدا بەدی ناکرێت کە جێگەی دلخۆشی بێت. ئەو وتارە لە وتاری نوێژێکی هەینی دەچێت کە مەلایەک چەند بارەی کردبێتەوە بۆ پرکردنەوەی کات. نووسەر تەنها باسی:-٠

- دەرئەنجامەکانی شەڕی مۆدێرنی مەلایی-جەلالی و ئیسلامی بەردەرکی سەرای کردوە کە چۆن خەڵکانی تورە تووشی مووچە برین و ئازار بوونەتەوە، لەسەر کار دەرکراون، بەڵام پەنجەی نەخستووەتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی بە دەست نەبوونی هەمەڕەنگی





سیاسیەوە دەناڵێنێت و خودی بزوتنەوەکەی خۆشی(بزوتنەوەی گۆڕان) تەنها دوو ڕەنگ و سەنگەر دەبین، یەک ناوچە و هێڵی سیاسیان لا پەسەندە.

- نووسەر باسی ئەوەی نەکردوە کە بەرنامەی چییە، بۆ ئەوەی ئەو ئاشتەواییە دەستبەر بکرێت؟ نووسەر خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێ نیە، کە چین و توێژەکانی کۆمەڵێک هێزی خێڵەکی و بنەماڵیی کە گرێدراو بە سەرمایەداری ناوچە ڕۆژئاواوە بەندن. نووسەر باسی فەلسەفەیەکی ئابوری نەکردوە کە کۆمەڵێک پێوەندی هاوبەش لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات و بناغەی ئاشتەوایی دروستببێ.
- نووسەر داوای شتێکی دەکات کە نە لە قەوارە و بەرنامەی بزوتنەوەکەی خۆیەتی، نە دەسەلات دەتوانێت دەستبەری بکات. لەوانە دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی، سەربەخۆیی دادگا و خوێندن و ڕێزی یەکتر. لێ ئاماژەم پێدا هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی هاندەری پێوەرەکانی خێڵ و بنەماڵە چەرخەکەیان دەسورێنێ، نەک ئاوەز و هوشیاری. زۆربەی ئەندامەکانیان ڕەبۆتێکی بنەماڵە و سەرکردەکانن.

لەوانەیە لایەنگرانی نووسەر ئەمە بە هێرش تێبگەن، بەلام ئەگەر دوور لە هاندەر و سۆز بیربکەنەوە، زانستیانە بۆ دیاردەکان بڕوانن ناکەونە ناو بەرگرییەکی کوێرانە، وەک هەندێ ئەندامی کۆنی پارتی و ئیسلامی، شیوعی و هەمان هەڵەی ڕێکخراوەکانی پێش خۆیان ناکەنەوە، کە هەندێکیان ناوچەیین و ئامانج و بەرنامەیەکی ڕوونیان نیە. بۆیە گرنگە ئەگەر گروپیک یان

ڕێکخراوێک بیەوێت پەل بهیاوێژێت و جەماوەر لەخۆی کۆبکاتەوە، دەبێ هەمووان لە پرۆسەیەی بەڕێوەبردندا بەشداربکات، نەک کۆمەڵێک سەرکردەبن و کۆمەڵێکی تریش ڕەبووتی بێ گیان و بوونیان نەبێت. هەر ئەوەشە کە تائێستا کۆمەڵگەی کوردی دابەشکردووە بە سەر چەند ئیمارەتێکدا، ئەویان ئەوی دی پەسەند ناکات.

---

*واتیلە: وشەیەکی هەورامییە بە واتای ئاخاوتن.





## کێشمەکێشی نیوان ڕەوتەکانی ناو بزوتنەوەی گۆڕان لە قازانجی کێ تەواو دەبێ؟

بۆچون

٥-١٠-٢٠١٣ سوێد

لەسەرەتای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆرانەوە تا ئەمرۆ، کۆمەڵێک راو و بۆچونی جیاواز سەریان تێکردووە، ئەوەش پێوەندی بەو کەس و ڕەوتانەوە هەیە کە بە هۆی نارەزایی شەقامی کوردییە لەدەسەڵات پەنایان بۆ ئەو بزوتنەوەیە بردوە. یەکێ لەو رەوتە بەهێزانە، ئیسلامی سیاسییە. ئەگەر سەیری بۆچون و ئەرگومێنتی تەنانەت ڕێکخەری بزوتنەوەکەش(نەشیروان) بکەین، دەبینن بە ڕاشکاوی و بێ سڵەمینیەوە دەڵی: **"ئێمە ناتوانین لە پێوەر و ڕایەڵەکانی(ثوابت) ئاینی ئیسلام دەربچین** و هەر یاسایەک لەدەرەوی ئەوە بێ، پوچەڵ دەکرێتەوە"، هەمان بۆجون لەلای هەندێ کاندید و لایەنگری ئەو بزوتنەوەیە چێ بووە. سووربوون لەسەر بەستنەوەی یاساکان بە ئاینێکەوە، جۆرێکە لە ڕیگریشۆن(گەرانەوە بۆ پاشەوە یان پاشکەوتوخوازی) چونکە زۆربەی ئاینەکان ڕێژەیین و لە چوارچێوە و خوێندنەوەیەکی تایبەتیدا بیردەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە گەورەترین ڕێگر بەرامبەر بیرکردنەوەی تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی، بۆ نموونە مافی ژنان، بازار و ئابوری، یاساکانی شارەستانی دەرباری کەسێتی و هاولاتی بوون، خوێندن و زۆر مژار و ڕۆژەڤی کۆمەڵگە. دووریش نیە ڕێکخەری ئەو بزوتنەوەیە لەژێر فشارێکی گەورەدا نەبێ

کەبەو شێوەیە بیردەکاتەوە، بەڵام دیسانەوە دەکرا ڕەها بیری بکردایەتەوە.

زاڵبوونی ڕەوت و شەپۆلی ئاینی لە نێو بزوتنەوەی گۆراندا، خۆرسکی ڕەگی خۆی دانەکوتیوە، لەلایەک ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی وایە( لەسەدا ٨٧ ی موسڵمانە) و لەلایەکی دیشەوە کاریگەری دراوسێکان، بە تایبەتی ئێران، عێراق و تورکیا.

لەناو بزوتنەوەی گۆراندا بوونی کاریگەری ئەو دراوسێیانە بە ئاشکرا و بە ئاسانی بەدی دەکرێ. ئەوەی کە جێگەی مەترسییە ڕێگە نەدان بە کەسانی علمانی، چەپ و لیبراڵە لە ناو ئەو بزتنەوەیەدا، هەرچەندە لەزۆر شوێنەکاندا کەسانی سێکولار جاڕی لەدایکبوونی ئەو بزوتنەوەیان دا و کاریشی بۆ دەکەن. لە بۆچون وەڵامی هەندێ سەرکردە و گۆرانیش لەدژایەتیکردنی ئەم کەسانەدا(علمانی) دیارە، بە تایبەتی لە دیالۆگەکاندا.

کەواتە ڕەوتی ڕابردووخوازی زاڵە بەسەر سیاسەتی بزوتنەوەی گۆرانداو ئەوەش هاوکێشەی بواری یاسادانان لە نیو کابینەی هەرێمدا دەگۆڕی. کەواتە ئامانجی دروستبوونی گۆڕان بۆچی و لە پێناوی چیدایە؟ ئایا ڕۆڵی کەسانی سێکولار و ئازاد چیە، چۆن دەتوانن کێشمەکێشەکان پاڵ پیوەنێن؟ تاکەی بزوتنەوەی گۆڕان درێژە بەو سیاسەتە دەدا؟ ئەگەر جاری پێشو تەنها دوو پەرلەمانتار ڕێزی سرودی نیشتمانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبیان نەگرت، ئەمجارە لایەکی پەرلەمان هەمان بێڕێزی دەکا و دژی یاساکانی شارەستانی هەڵوێست دەگرن! ئەدی مەگەر گۆڕان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردی کار ناکات، بەڵام کام گۆڕین؟ کام باڵ و ڕەوت لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا تل بەوی دیکە دەدا و چۆن؟ تا ئێرە ئیسلامی سیاسی بەهێزترین باڵە و بە سانایی گەمەکان دەکا. ئایا





دەبێ کەسانی بەرەی دووەم(علمانیەکان) بەو ئەرگومێنتە ڕازی بن کە باڵابوونی ئیسلامی سیاسی لەناو بزوتنەوەی گۆڕاندا جۆرێکە لە لارکردنەوەی تەرازوی هێز بۆ نەهێشتنی هاوکێشە دیموکراتیەکان و پەسەند نە کردنی ڕەنگە جیاوازەکان؟

**دەبوو بزوتنەوەی گۆڕان**
**کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نەکا!**

٢٧-٩-٢٠١٣ سوێد

بزوتنەوەی گۆران دەیتوانی ڕێگای هێمنتر و نەرمتر بۆ گۆڕینی تێهزراندنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بگرێتە بەر و مۆدێلێکی نوی لە شێوازی رەفتارکردنی سیاسی فێری نەوەی نوێ بکا و داهێنان لە دۆزینەوەی ڕێگەی چارەی دیموکراتیانەی نوی بخولقێنێ. ئەدی مەگەر کاری هەموو هێزێکی نوێ چییە، ئەگەر بناغەیەکی نوێی کۆمەلایەتی دروست نەکا. ئەوەی گۆران کردی و دەیکا، بەپێی میتودەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی سیاسی، زۆر جار پرۆڤیکاسیۆنی(گاڵتەی شەڕانگیزی) سیاسیە، بەتایبەتی بەرامبەر بە یەکێتی-هێزی دایک و سووکردنی خەباتی پێشمەرگایەتی و لایەنی دی. لێرەشدا گەورەترین خزمەتی نەیارە سیاسیەکانی یەکێتی نیشتمانی کرد، کە چەندان ساڵە خەون بەوەوە دەبینن، کە تلێکی مێژووی بەو هێزە بدەن کە هەڵسانەوەی سانا نەبێ، هەڵبەتە ناشبێ هەلە گەورەکانی یەکێتی فەرامۆش بکرێ. لە زانستی گروپ و ڕێکخراوچێکردندا، هەر کاتێ کێشەکان بەرەو قوڵبوونەوە و داخران چوون، ئیدی ئەوە سەرەتای جیابوونەوەیە. بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی پیوەرەکانی ئاین و بنەماڵە و باوکسالاری دەیبەن بەرێوە، زۆرجار جیابوونەوەکان دەبنە خوێناوی. .ئەزمونی مێژووی کورد دەها شەڕی خوێناوی تیایە، هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە ١٥١٤ تاکو شەڕی ئیمارەتەکان و





بادینان و سۆران و ١٩٦٤ و ١٩٩٦ و حەڤدەی شوبات و دواتر دروستبوونی بزوتنەوەی گۆران و تەقەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە. ئەو کۆنترین شیوازە.
ئەدی لۆ بزتنەوەی گۆران نەیتوانی ببێتە داهێنەری ئەو مۆدێلە نوێیەی بیرکردنەوە؟ بەڵی لەبەر ئەوەی ژێرخانی هزری ئەو بزوتنەوەیە و ڕابەرەکانی هێشتا لەو کەس و لایەنانە پێکهاتووە، کە کار ئەکتەر شەڕەی براکوژی و خێڵەکان و عەشیرەت و حزبەکانن. بیرگەلی هزری سۆزی سیاسی ناوچەیی و بنەماڵەیی و باوکساری زاڵە بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیاندا. لە باتی هوشیاری سیاسی، رق و کینە هەڵسوکەوتیان دەبا بەرێوە، ئەدی ئەگەر وانەبوایە چۆن هێزێک پرۆڤێکاسیۆنی سیاسی دەکا و ئەندامەکانی هەمان رەفتاری لایەنی نەیار دەکەن و تەنانەت مندالان و توێژەکانی دیش دەبەنە سەرجادە و...هتد ئەو هەموو فەرتەنەی ئالاو رەنگ چیە؟
**گۆڕان توانی یەکیتی لاواز بکا، بەڵام لە رۆژانێکی نیزیکدا ئەگەر بە خۆیدا نەچێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆی هێشتا خاوەن ئەو بەرنامە و فەلسەفە توکمە نیە، ئاسانتر لەیەکێتی و بگرە لایەنەکانی دیش دەتوێتەوە.** دەبوو گۆڕان وزەکەی بۆ مۆدێرنیزمەکردنی کۆمەڵگەی کوردی تەرخان بکا، ئەوەش کادیر بە ئەزموونی دەوێ، ئایا گۆران دەتوانی ئەوە بکا بەم شیوازە کارکردنەی ئەمڕۆی؟ ئەوە پرسیارێکە پێویست بوو رێکخەرەکەی پێش ئەوەی جاڕی هەلوەشاندنەوەی یەکێتی بدا، بەووردی ئەم رۆژەی بەهەند وەرگرتایە، کە خۆیان و یەکێتی لەبەردەم چارەنووسێکی نادیارن!

**بڕینەوەی مووچە لە داهاتی نەوت،**
**هەڵائاوسانی ئابوری- گرژی نرخەکان لە بازار دروست دەکا**

بەدواداچوون

٧-١١-٢٠١٣ سوێد

برینیەوەی مووچە بۆ هەموو خێزانەکان لە باشووری کوردستان بە بێ پلانی ئابوری، لەلایەن پارتییەوە یان هەر لایەنێکی دی بێ، کاریگەری خراپ دروست دەکات لەسەر جومگە ئابورییە ژیانییەکانی کۆمەڵگە و تاکی کوردی و گرژییەک و لە ئاستی نرخەکان، لە بواری جیاجیاکان دروست دەکات. لەوانە بواری خانوسازی، نرخی شتومەک لە بازاردا، هاتوچوو، پیوەندی و..هتد. تەنانەت کاریگەری نەرێنیشی دەبێ لەسەر ئاستی دەروونی/ کۆمەڵایەتی.

بە بێ پلانێکی ئابوری توکمە، کە بە پێی شرۆڤەی زانستی هەمەلاین بێ، ئەو جۆرە بەڵێنانە، ئەگەر نەشخرێتە بواری پراکتیزە کردن و تەنها بۆ بانگشەی هەڵبژاردن بێ، ئەنجامگەلیک نەرێنی لێ دەبێتەوە. دەبێ بەووردی چاو بە زیان و قازنجیدا بخشێنرێت و تەماشای ئاستی بژیوی بکرێ.دەبێ پیوەرێکی نیشتمانی هەبێ کەئایا توانای هێزیی کرینی تاک و خێزانەکان لە کۆمەڵگەدا چەندە. ئایا ئەو مووچە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی ژیانی هاولاتی، یان تەنها لاوازی هێزی ئەو پارەیەی کە هاوڵاتی دەتوانێ خەرجی بکا؟ زۆرجار لە ولاتێکی وەک سوێد کە نرخی خانووبەرە یان بودجەی ساڵانە بەرز دەبێتەوە. بانکی نیشتمانی سوێد یەکسەر کۆمەڵێک





هەنگاو دەنێ، تاکو لە ئاستێکدا ئەو نرخانە ڕابگرێ، واتە سنورێکی بۆ هەڵاوسانی ئابوری دابنێ، ئەوەش بۆ ئەوەی هاولاتییان بەگشتی زیانیان لێ نەکەوێ و لە هەمان کاتیشدا نرخی کرۆنی سوێدی دانەبەزێ و گرژییەک نەکەوێتە ناو نرخەکانی بازارەوە. لە سوێد ئاستی سوود وەرگرتن(interest.) لەسەر کرین و فرۆشتن دادەنێ، تا ئەو هاوکێشەیە ڕاگرێ، کە باری ئابوری ولاتی لەسەر بەندە.

بیرۆکەی برینەوەی مووچە، بەبێ بنەما، زیانی گەورەی کۆمەڵایەتیشی لێ دەبێتەوە، لەوانە دابەزینی خواستی کارو بەرهەمی خۆماڵی لە سەر ئاستی هەرەوەز و تاک، کەمبوونی ئاستی چالاکییە مرۆییەکان. ئێمە وێنەی کۆمەڵگە تەمەڵەکانی کەنداومان لەبەردەمە، یان دانیشتوانی ڕەسەنی کیشوەری ئوسترالیا(ئەبرجینەکان) کە وەک قەرەبوو بێ بەرامبەر دەولەت مووچەی بۆ بریونەتەوەوە. لەناو ئەواندا، ئاستی بێکاری، خوگرتن و ئالودەبوون بەمادە هۆشبەرەکان، ئەلکهولیزم، نەخۆشی دەروونی و جەستەیی و دەها کێشەی دا، کە دەبنە کۆسپ لە بەرەو پێشچون و گەشەسەندنی کۆمەڵگە.

بەخشینەوەی داهات و موچە بێ بیرکردنەوەی وورد، کێشەی ئۆربانیزم( چۆلکردنی لادێ) دروست دەکات. بۆ نموونەی بەهۆی ئەو بیمەیەی کە هەندێ حزب لە باشووری کوردستان بێ بەرامبەر دەیدنە ئەندامەکانیان، کە زۆرجار لە مووچەی مامۆستایەک پترە، ئامادە نین درێژ بەکاری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵداری بدەن، مەگەر لەوە کارەساتی ئابوری هەیە لە شوێنێکی وەک دەشتی

شارەزووردا سەوزەمەنی خۆماڵی نەچێنرێ و لە تورکیا و سوریاوە یان ئێرانەوە هاوردە بکرێ.
کەواتە پێشنیار برینەوەی موچە بە بێ پلانی ئابوری، گەورەترین زیان بە جومگەکانی کەرتی گشتی و تایبەتی و قەوارەی ئابوری باشووری کوردستان دەدا. گەورەترین زیانیش بە کەسێتی تاکەکان دەدات و داهێنانیان دەکوژیی و بە بەسەرچوونی کات، زانیاری گشتییان و هاندەرێکی ئەوتۆیان لە ژیاندا نامێنێ.

بزوتنەوەی گۆڕان لێرەشدا بێ هەلویستی نواند و کاردانەوەیەکی نەبوو، بەرنامەیەک یا پرۆژەیەکی پێچەوانەی ئامادە نەکرد.

http://gulan-media.com/t_detail.php?section=1&id=13908





## ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن

**١٧-١٠-٢٠١٠**

ئازادی ڕادەربڕین کۆمەڵێک لایەنی سەرەکی لە ژیانی بنچینەییانەی ڕۆژانەدا گرتووەتە خۆی کە بەبێ بوونی سانسۆر و چەپاندن لەلایەن ئەو دەسەلات و هێزە بزوێنەرانەی کە ئەو کۆمەڵگەیە



دەبەن بەڕێوە دەبێت دەستەبەر بکرێت. ئازادی ڕادەربڕین ئازادی قسەکردن، ئازادی مانگرتن و ئازادی دەربڕینی هەست و هەموو ئازاییەک کە بوونی مرۆڤ و مافەکانی لە گەڵ مرۆڤەکانی تردا بە چاوێکی یەکسان بێت، (یڕوانە لینکی هاوپێچ) ئازای رادەبرین ئازادی چاپەمەنی و رەخنەو و ئایدیاکانیش دەگرێتە خۆ.

پێوەست بە پرۆسەی ئازادی ڕادەربڕین، دەسەڵاتی کوردی و هێزەکانی، چەند لافی دیموکراتی و باسی مافی هەمەڕەنگی بۆچۆنی تاکی کورد لێبدەن، ناگەنە پێناسەی تەواوی ئەو مافە(مافی ئازادی رادەربڕین)، ئەگەر دەسەڵاتێک کە لە هەموو رەخنەیەک بترسێت و سنوورێکی دیار بەپێی بەرژوەندی دەسەڵاتی خۆی بۆ نووسەران و یان هاولاتی دابنێت، ئەو مافە سەرەتاییە کە تاک هەیەتی لێی زەوت دەکات و قۆرخ دەبێت.

لە منداڵدانی ئازادی ڕادەربڕیندا مرۆڤەکان سەرباری ڕەنگی جیاواز لە بیرو رایاندا، پتر هەست بە بوون و یەکسانی خۆیان دەکەن و بەشداری لە پرۆسە سەرەکییەکانی دروستکردنی پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن. پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی پەراویزکردنی توێژێک یان چینێک بێ دەسەڵات دەبێت و پەیرەوی چینێکی تری سالار بکەن کە جڵەوەی لایەنە گرنگەکانی دەسەلاتیان مۆنۆپۆڵ کردوە یان دەستیان بەسەر سەرمایەی ئابوریدا گرتووە. مەترسی ئەم بارە لەوەدایە، کە چێنی بێ دەسەلات یان بەرینەی فراوانی کۆمەڵگە بێ دەسەڵات دەبێت و خواستی ناگاتە مەبەست، چونکە کەس گوێی لێناگرێت یان سەکۆکانی ئازادی رادەربرینی لێ زەوت کراوە.

**رەخنەگرتن- بەشێکی ئازادی بیراندنە**

کە ئازادی رادەبڕین هەبوو، هاولاتی دەکارێت بەرگری لە مافەکانی بکات و بێ ترس کاربکات بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی. کە خواستەکانی هاتنە خەملاندن ، هەست بە بوونی خۆی دەکات کە





بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە. لێرەدا ڕەخنە یەکێکە لەو ئامێر و دەسەکە گرنگانەی کە ئازادی را دەربڕین بەرجەستە دەکەن و ژیانێکی پێ دەبەخشن. مەرج نیە تەنها سەیری کایەکانی رەخنە وەک پرۆسەیەکی نەرێنی بکرێت. لەڕێگەی ڕەخنەوە هاولاتی دەتوانێت چاودێری کارەکانی ئەو دەسەلاتە بکات کە باسی هەمەرەنگی سیاسی، ئابوری، ئاینی، کۆمەلایەتی، ڕەگەزی..هتد دەکات.

**ڕادەربڕین پیوەست بە ڕەخنە لە دەسەلاتی خۆماڵی**

خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆچونی دەسەلات دەربارەی ڕای ئازاد و لە ناویشایاندا رەخنەگرتن، ئەو ئەنجامە دەستەبەر دەکرێت، کە دەسەڵاتی کوردی( پارتی و یەکێتی و تاڕادەیەکیش پارتییەکانی تر و هەریەکە بەپێی قەوارەی)، پێیان وایە دەبێت ڕەخنەگرتن بەپێی پەیرەوپرۆگرامی ئەوان بێت هیچ هاوڵاتییەک لە بەندی سنوورەکانیاندا دەرنەچێت. راستە باسی ئازادی و ئارامی و کەشوهەوای ئازادی رەخنە دەکەن، بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لە هاوڵاتی کورد و کۆتکردنی، بۆ دەمکوکردنی دەنگانی ئازاد و نموونە پێنوسە بێلایەنەکان کە خۆ بەختانە رەخنە لە گەندەڵی و شیوازی بەڕێوەبردنی ئەو دەسەلاتە دەگرن، ئەو دەسەلاتە حەشامەتێک لە میدیای زەبلاحی کارتۆنی دروستکردووە و لایەنی راستەقینەی ئازادی ڕادەربڕینی قۆرخ کردوە. دەسەلات پێی وایە بوونی دەها گۆڤار و چەند کەناڵێکی تیڤی(کە سەرجەم هی حزبن) ئیدی ئازادی بۆ هاوڵاتی دەستەبەر کردووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەناڵ و راگەیاندنی ئەو پارتییانە ڕەخنەیەکی توند بۆ جارێک لە جارن لە سەر خۆیان بێ سانسۆر بڵاو دەکەنەوە؟ وەڵامەکەی نەخێرە. لی تا

ئەمرۆش بۆ نموونە نە ڕۆژنامەی خەبات کە زمانحاڵی پارتیە ڕەخنەیەکی لە سەر بارزانی دووەم (مسعود بارزانی) بلاو نە کردوەتەوە، نە کوردستانی نوێ کە ئۆرگانی یەکێتیە ، باسێکی نەرینی لە سەر تاڵەبانی نە نووسیوە. کەواتە هێشتا ئازادی رادەربرین لە باشوری کوردستان و لە نێو ڕاگەیاندنەکانیدا بە تایبەتی ڕاگەیاندنی پارتەکاندا لە دایک نەبووە، ئەو ئازادیەی کەباسی دەکەن لە سنووری شیکردنەوەی پەرتووکە ئاسمانیەکان و پێغەمبەرەکانیان تێپەڕناکات، بڤەیە ڕەخنەی نەرێنی لە دەرەوەی ئازادی و یاساگەلەکانیان ڕەخنەیان لێ بگیرێت. کفرێکی گەورەیە و ئەگەر کەسێک ڕەخنە بگرێت، یەکسەر وەک دوژمن سەیری دەکرێت. ئەو پێنوسانەش کە بە هۆیەک یان لە دەروەی بازنەی دەسەلاتن(بەتایبەتی ڕەوند) تووشی گەورەتین سزای پەراوێزکردن و سووکایەتی دەبنەوە، ئەوانەی لە نیشتمانیشن، چارەنووسیان لە سەردەشت عوسمان سۆرانی مامە حەمە باشتر نابێت.

ئەگەر هاولاتی کورد لە باشوری کوردستان، وەک ئاماژەم پێدا، هەست بە بوون و خۆی بە گرێدراوی ئەو دەسەلاتەوە نەکات، نە توانێ بە ئازادی باسی خواستەکانی خۆی بکات، ئەوا سەدەها ڕۆژنامەو تیڤی و ڕاگەیاندی دیش دروست بکرێت، بە سامانی خۆیانی نازانێت و بگرە گوێشی پێ نادات. لە بەر ئەوەی ئازادی ڕادەبڕین بوونی نیە، داهێنانش ئەستەمە بوونی هەبێت. کە داهێنانیش نەبێت، شتێک نابێت ناوی چالاکی بێت کە ئەو ڕاگەیاندنانە بەرەو پێش بەرێت.





بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە، دەبینن زۆربەی هاولاتیانی کورد لە باشوری کوردستان هێندە چاودیری و سەیری کەناڵە کوردیەکان ناکەن و بگرە لەشکری خوێنەری ڕۆژنامەکان تا دێت کەمتر دەبیت، چونکە هاولاتی کوردی بە گشتی بوونی خۆی تیا نادۆزێتەوە.

ڕەخنەگرتن، تێڕوانین و سەرنجدان و هەڵسەنگاندن لەو پرۆسە زیند و پێویستیانەن کە بۆ نۆژەنکردنەوەی لایەن هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە پێویستە. لەباربردنی پرۆسە نووسین لە لایەن دەسەلاتەوە لە باشووری کوردستان، کە دەسەلاتی حزبی تێدا مۆنۆپۆل و سالارە، یەکێکە لەو مەترسیانەی کە تووشی پرۆسەی نووسین و ڕەخنەگرتن لەو بەشەی نیشتیمان تووشی نەخۆشی و سیستی کردووە. دروستکردنی لەشکرێک نووسەر لە ئەندام و لایەنگرانی هەردوو پارتی دەسەلاتدار لە پێناوی سەرخستنی بنەماڵە و بەرژەوندی ئابوری لەلایەک و بەکارهێنانی پارتیسازیدا لە هەموو کونجەکانی ژیاندا، دژایەتیکردنی نووسەرانی ڕاستەقینە و دڵسۆز بە نیشتمان و نەتەوە، بە تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر، بووەتە دیاردەیەکی ترسناک، کە نەک تەنێ ڕەخنەگرتن، بەڵکو زانستەکانی تری پێویست بۆ کۆمەڵگە لاواز ببێت و ئەوانەی کە بەراستی دەیانەوێت خزمەت بکەن، لەبەر قەڵەمهەڵگرە ئەکتەرەکانی پارتەکان، کە پێش داهینانی چاوەڕێی پاداشن لەو دەسەلاتە، کاریان بۆ نەکرێت و خوێنەران چەواشە بکرێن. کردنەوەی دەرگاکان بە ڕوی گۆار و ڕۆژنامە کارێکی باشە و سیمای پێشکەوتنە، بەلام نە لەسەر لاشەی زمان و خنکاندنی گیانی ڕەخنە. کە گیانی ڕەخنەگرتنیش خنکا ئیدی شتێک نیە ناوی سەرەوەری و

ئازادی مرۆڤ بێت لە دەربریندا، هەندێ ئەندامی کۆمەڵگەش فێری ڕەوشتی دووڕوویی و مەرایی دەبەن، لە هەر لایەک پاداش زیاتر بێت، ئەوان بە ١٨٠ پلە با ئەدەنەوە. ئەو سیمایەش یەکێکە لە پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگانەی کە دیکتاتۆرێک و دەسەڵاتێکی یەک لایەن دەیبات بەڕێوە.

تێبینی ئەم وتارە لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٤٥٧ لاپەرە ٥ ی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٦ بڵاو بوەتەوە..

http://en.wikipedia.org/wiki/Freedom_of_speech

\





## ژوانی دەسەلات لە لایەن ئۆپۆزیسۆنەوە

### بە دواداچوون و سەرنج

٢٢-١-٢٠١٣ سوێد

نە دەسەلات پێویست دەکا لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، ئۆپۆزیسۆن ببێنی و نە پێچەوانەکەشی گونجاوە. لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی لە کێشمەکێشی نێوان دەسەلات و ئۆپۆزیسۆندا، هەر لایەک بەرنامەی  ئەوی دەی بە پرۆژەی دژەیەک و خستنە ڕوی چارەسەر بۆ کێشەکان و ئەو گرێیانەی کە کۆمەڵگە تووشی دەبێ، ڕەتدەکاتەوە، یان چۆنییەتی سەرکردایەتی و بەریوەبردنی کۆمەڵگە، هەر یەکەیان سەنگەری خۆیان دەگرن.

ئۆپۆزیسۆنی پان ئیسلامیستی ئەمرۆی کوردی لە باشووری کوردستان، بەسەرکردایەتی سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕان، لێرەشدا داهێنانێکی نوێی بێ ئەنجامی لە باشووری کوردستان هێنایە گۆڕێ، بەرەی(ئۆپۆزیسیۆن) لە ئامانجی سەرەکی خۆی، دووری خستەوە.  ئەم دوا ژوانەی سێ براکەی ئۆپۆزیسۆن(گۆڕان و جوت پارتە ئیسلامیەکە) بۆ هەوراگەی سەرۆکی زەردەکان، لە درێژەی هەمان شانۆگەری دەچێ، کە چڵ ساڵە بزوتنەوەی کورد لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەری عەرەب دەیکا لە بەغدا. هەر سێ برا ئۆپۆزیسۆنەکە باش دەزانن، کە دەسەڵات بە تایبەتی پارتی، لە ماوەی تەمەنی سێ ساڵەی ئۆپۆزیسۆندا، هیچ  یەکێ لەو بەڵێنانەی نەبردوە سەرو هەمان دەسی دەسییە، کە عەرەب بە کوردی لە عیراق دەیکا. ئەگەر حزبیک مشار بەدەست و ڕەشاش تەقێنەر،

سەرکردایەتی بکا، منداڵی کورد بە ڕۆژی ئاشکرا تیرۆرکردبێ، ئیدی کەی بەکەڵکی وتویژ دێ. ئۆپۆزیسۆن و دەسەلات کاتێک یەکانگیر دەبن لە بۆچونەکانیان، کاتێک کە ترسێک یان کێشەیەکی چارەنووساز دێتە ئاراوە کە زیانی بۆ ئاسایشی گشتی دەبێ، نەک کێشەی چۆنیەتی خەرجکردنی بودجە، بۆ نموونە. ئۆپۆزئیسیۆن نەک بۆچونەکانی کورتی هێناوە، بەڵکو نابیناشە بەرامبەر بەو نارەواییانەی کە دەسەلات دژی گەلی خۆی دەیکا. دەسەڵاتێک کە رەخنە و داوای خەڵک بە کودەتا تێ بگا(بروانە لینکی هاوپێچ).

دەسەلات ئەگەر ڕاستگۆیانە کاری بکردایەوە و گوێی بە ئەجندەکانی رۆژهەڤی کوردستان لەو پارچەیە بدایە، لە تەقەی یەکەم گوللەی حەڤدەی شوباتی ٢٠١٠ وە ، تاوانبارانی ڕاپێچی دادگا دەکرد. کەمتەرخەمی و گوێ نەدانی ئۆپۆزیسۆنیش لەوەدا خۆی دەرخستن، کە ئەوان گوێیان بەو تاوانە نەدا و بێ دەنگ بوون لێی، ئیدی بوونەوە بەبەشێک لە پرۆسەی بەڕیوەبردنی دەسەلات و ڕژیمەکەی. ژوانی ئۆپۆزیسۆن لەگەل دەسەلاتێکی، تا رادەیەک داسەپاو بەسەر گەلی کورددا، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی دی شکستی ئۆپۆزیسۆنە. چونکە کارئەکتەری سەرکردەکانی بە گیانی بەرهەلستییەوە کارناکەن، خۆیان نەکردوەتە بەرەیەکی لە یاسای گۆنا دژەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و پۆلێنە تایبەتیەکان، کە دەبنە سەرچاوەی کێشمەکێشی جیاوازییەکان. دوورنیە ئەوەش لە ئەنجامی ئەوە بێت، کە خودی سێ براکەی ئۆپۆزیسیۆن (گۆران و جوت پارتە ئیسلامیەکە) هەمان پەروەردەی سیاسی دەسەلاتن و لە منداڵدانی حزبەکانی ئەو دەسەلاتەوە کەوتبێنە سەر زەوی.

ئۆپۆزیسۆن ئەگەر بەراستی سەرپشکی نارەزاییەکانی گەل بێت ، نابێ لە ژوانی سازشدا خۆی ببینێتەوە، ئەو پەیامی گۆڕانکاری





هەڵگرتووە، دەبێ ئامانجە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانی دیار بێ. یەکێ لە هەر کێشەزەقەکان کە ئۆپۆزیسۆنی ئەمرۆ ناتوانێ ئەوە هەنگاوە( هەنگاوی ئۆپۆزیسۆنی کارا) بنێ، مینتالیتێت و پێکهاتەی جومگەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەیە، کە لە چەند شەپۆلی سیاسی و کاریگەری دەرکی سێبەری داگیرکەرانی کوردستانی لەسەرە و وەک دەزگایەکی یاری سازی دەستی لایەنی دی تیایەو هەندێ جار هەڵوێستەکانی بەرامبەر دەسەلات، وەک کارتێکی کاتییە، کە کاتەکی تەواوبوو، دەبێتە ئەو کارتە تەلەفۆنەی بەلانیسی ئاخافتنی تیا نەماوە، ئەمەش زۆر جار لەوبەشەیدا ڕەنگ دەداتەوە کە پان ئیسلامی سیاسی تێیدا جڵەوەی بە دەستە. ئەوەش هوکارێکی دی بنەڕەتییە کە زۆر لایەن و کەسی سەربەخۆ بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو ئۆپۆزیسۆنە دەکەن، کە ئەگەر بێت و ڕۆژێک لە رۆژان دەسەڵات بگرێتە دەستی کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان، وەک وڵاتی میسر و تونس و لیبیا بەرێت. بزوتنەوەی گۆڕانیش تاقانە دەبێتەوە و لە هێزی ناوچەیی خۆی ناتوانێ دەربچێ. بەگشتی پرۆسەی ئۆپۆزیسیۆن شکستی دێنێ و هاولاتی ئاسایی هێندەی دی تووشی بێ ئیومیدی دەبێ و دووریش نیە پەنا بۆ کام هێز و میتود بەرێ بۆ سرینەوەی ئەو دەسەڵاتە، باشترین نموونە میسر بە گەڕانەوەی هێزە کۆنەخوازەکان.

---

وتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی، رایدەگەیەنێت دەرگایان بۆ دانوستاندن کراوەیە، بەڵام دانوستاندنی مەرجدار بەئەنجام ناگات، هەروەک ئۆپۆزسیۆنیش بەهەوڵدان بۆ کودەتا لە 17ی شوباتی رابردوو تۆمەتبار دەکاتو دەڵێت لەوبارەیەوە ئامۆژگاریان کردوون ئەو ڕێگایە نەگرنەبەر
http://www.hawlati.co/%d9%88%d8%aa%db%95%d8%a8%db%8e%da%98%db%8c-%d9%be%d8%a7%d8%b1%d8%aa%db%8c-

%d8%b3%db%8e-%d8%b1%db%8e%da%af%d8%a7-%d9%87%db%95%db%8c%db%95-%d8%a8%db%86-%da%86%d8%a7%d9%83%d8%b3%d8%a7%d8%b2%db%8c%d8%9b





**ئەگەر وا بڕوات باشووری کوردستان**
**دەبێتە سێ پارچە زیاتر**

هەڵوێستەیەک لە سێبەری ووشەکانی سەرۆکی بزوتنەوەی گۆڕاندا

دیدی سۆسیۆلۆجی سیاسی

١١-٣-٢٠١١ سوێد

**پێشکەوتنی تۆبزی گوڵناگرێت**

**ئێمە داوای گۆڕانێک دەکەین کە هێشتا نەمان توانیوە بناغە هزری لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ دروست بکەین، هێشتا جومگەکانی کۆمەڵگە ئەو هێزەیان تیانیە کە بیگرنە خۆ..ئەگەر سەرەڕۆیانەش هەنگاوبنێن هێندەی تر کوردستان پارچە پارچە دەبێت،**

دابەشبوونی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاوازدا، چلە ڕوی جوگرافی، زمان، نەریت، ئاین، ئابوری و ئاستی هوشیاریدا بەهۆی پارچەبوونی کوردستان و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان، کەش و هەوایەکی لێک نەچووی لە نێوان توێژو چینەکانی گەکی کورددا دروست کردووە. ئەو لێک نەچوونە خاڵی جیاوازی و ناکۆکی پتر زەق کردوەتەوە تاکو خاڵە هاوبەشەکان. تەنانەت ئەو لێک نەچوونە ڕەگی لەنێو زلهێزەکاندا داکوتییوە، میکانیزمی گۆڕانکاری کاتێکی ئێجگاری دەوێت. بۆیە گرنگە هەرهێزێکی نوێ کە دروست دەبێت، لە سەرچەمەی بنەمایەکی زانستی بەرنامە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانی خۆی دارێژێت.

دەبێ پەیڕەوی فرەبنەمای هەمەرەنگ بکات، کە سەرەتای دروستکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتی بێت.
کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور هێشتا لە تراومای ئەنفال و بە شەڕی چەند ساڵەی براکوژییەوە دەناڵێنێت، جومگە و ئەژنوکانی بەدەم رق و کێنەو کەسێتی شکاوە و دەناڵێنیت، پرۆسەی من و ئیوە، ئیوە وئەوان، گەورەترین زیانی بە یەکبوونی نەتەوایەتی داوە.

دابڕینی هەر هێزێک و پەراوێزکردنی، دورخستنەوەی لە پرۆسەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، نیشانەی سڕینەوەی بوونی و نەبینی، ئەو ئەنجامە دەدات بەدەستەوە کە چەند بزوتنەوەی گۆڕان بروای بە دیموکراتی و هەمەڕنگی بیروباوەڕە لە باشووری کوردستان هەیە. لە پەیامی چاوپێکەوتنەکەی ئەمجارەی نەوشیرواندا، ناوبراو ناوی چالاکی هەموو هێزەکانی هێناوە تەنها کۆشش و خەباتی چەپەکان نەبێ ، چ لە سەر ئاستی تاک یان رێکخراویی. ئەوە دەرهاویشتەی ئەوەیە کە نەوشیروان هێشتا بە ئاوزەی شاخ و هزری ساڵانی سەردەمی کۆن کاردەکات. ئەوە دەرهاوێشتەی ئەوەیە کە ناوبراو چەند رقی مێژوویی لە چەپ و مارکسیزم و شیوعییە، ئەوەش بە ئاشکرا لە نووسینەوەی ئەزموونەکانیدا باسکردووە.

نەوشیروان باسی حکومەتی تەکنۆکرات و علمانی دەکات، بەڵام لە سەر خاک، خەریکە کوردستان دەکاتە مەککە و شۆڕشی ئیسلامی سیاسی هانددەدات، دەیەوێت بە فەلسفەیەکی ڕوحی ئاینی پاشەرۆژی ئەو پارچەیەی کوردستان پێش بخات، گەنجەکان هوشیاربکاتەوە، ئەوە پارادۆکس و بۆچونێکی ناکۆکە. چونکە





هەرکاتێک شێخەکانی سعودیە توانییان ئازادی هەمەلایەن بۆ گەنجانی عەرەب وەبەربهێنن، (نەوشیروان)یش دەتوانێت گەنجانی کوردستان بە ئەڵاهوئەکبەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئیخوانەکان و کۆمەڵی ئیسلامی سەربە ئێرانی شێعەکان، هوشیار بکات و خەمیان بخوات.

نەوشیروان لێرەشدا خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ پرۆسەی گۆڕان نیە و سوود لە هاندەری ئیسلامی سیاسی ئاینی، کە زۆر جار لە هەر بەرگێکی سیاسیشدا بن، پاشکەوتووخوازن، وەردەگرێت. نەوشیروان تاسەر ئێسک دژی خێڵەکی بنەماڵەو تایفەگەرییە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆپی ئەوان دروست دەکات و بە هاندانی پێوەندی ئاینی، پیوەندیەکانی نێوان تاکی کۆمەڵگەی کوردی پتر لە ڕوی گیانیەوە نەک هوشیاری توختر دەکاتەوە. نەوشیروان، ئیسلامی سیاسی بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم و باشووری کوردستان بەکاردەهێنێت، دروشمی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە بەکاردەهێنێت کە بە زیانی کورد و گیانی نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە. خۆ ناشێت ئیسلامی سیاسی کوردستان، کە فەلسفەکەی بێچووی سعودیە و نازیەتی شۆڤێنی عەرەبی ئیسلامییە، بەرەو یەکسانی کۆمەلایەتی هەنگاوبنێتن ولە خەمی نەتەوەدا بێت.

بۆیە ئەگەر گۆڕان یان هەر بزوتنەوەیەکی نوێخواز سەربە بەرەی گەل، گەلی کورد وەک یەکەیەکی پتەو سەیر نەکات، پتر گەلی کورد پەرتەوازە دەبێت و چەند پارچەیەکی نوێی لێ دەبێتەوە. گۆڕان دەبی پێ لەسەر خاڵە نەتەوایەتیەکان دابگرێت لەوانە:-

- دژی تالانکردنی سامانی کوردستان له لایەن عەرەبی عێراقەوە، کاربکات. هەوڵی گەڕاندنەوەی بۆ گەلی کورد بخاتەگەڕ، چونکە هەشتا ساڵ پترە باشووری کوردستانی داگیرکردووە، بێ دەنگی گۆڕان بەرامبەر عەرەب متمانەی لای خەڵکانی نەتەوەیی لاواز دەکات.
- پێ داگرتن له سەر گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، نەک پێناسەیان بەناوچە جێ لەسەرناکۆکەکان.
- وازهێنان له دەستەواژەی کوردستانی عێراق، بەکارهێنانی باشووری کوردستان.
- دادگاییکردنی سەرۆک جاش و سیخورە کوردەکان، نەک پەنا دانیان وەک پارتییەکانی دەسەلات،
- بێگومان لەسەر ئاستی ناوخۆش درێژەدان بە خەبات دژی گەندەڵی وکارکردن بۆ چاکسازی و گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ دامەزراوە حکومییەکان. بەکارنەهێنانی منداڵانی کورد لە مەرامی سیاسیدا و بە کوشت دانیان.
- سەرۆکی گۆڕان بوونی لە ناو سەرای خۆپیشاندا وونە و خەڵکیش بەگژ یەکتردا دەدات. سەرکردەی سەرکەوتووی قۆناغ ،ئەوەیە کە لە پێش جەماوەرەکەیەوە بێت. مامەڕیشە هەمیشە گیانی بۆ پێشمەرگەکانی لەسەر دەستی بوو، هەمانشت گیڤارا..

بەڵێ ئەو خاڵانەی سەرەوە خاڵی گرنگی دیش، لە بەرنامە گۆڕان وونن و ئەگەر سەرکردەکەی بەو جۆرەی ئێستا کاربکات، ئەو بەشەی کوردستان دەبێتە چەند پارچەیەک وگۆڕانێکی ئاینی، لە باتی زانستی و دیموکراتی تەنگ بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرێت و





تەڕو ووشک پێکەو دەسوتێت..هەربۆیەش گۆڕان لە بەردەرکی سەرای سلێمانی قەتیس ماوە و ناسنامەی گۆڕانی گشتی وەرنەگرتووە،،چونکە هێشتا لەلای توێژەکان و ناوچەکانی دی کوردستان نامۆیە.

چاوپێکەوتنەکەی نەوشیروان

http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=550&cat=2

**ته نها نەوت دۆزی نەتەوایەتیە**
**دەستدرێژی داگیرکەران کێشە نیە**

ڕەخنە

١٧-٧-٢٠١٠ سوێد
ئەرکی ئۆپۆزیسۆن و ئەوەیە کە وەک چاودێرێک بە ئاگابێت لە جێبەجێ کردنی کارەکانی حکومەت و دەستبخاتە سەر کەلینەکان و پێشەنگ بێت لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە. بزوتنەوەی گۆڕان ئەوەندەی وەک چاودێرێکی ئابوری تەنها لە شاری سلێمانی بەکارە، ئەوەندی خەمی پارە و بودجە دەخوات، هێندە چارەی کێشەکانی تر نابینێت و گوێشیان پێ نادات. زیاتر لە دوو مانگە بەردەوام تۆرانیەکان و فارسەکان سنوری هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک پێشێل دەکەن و لە بەرچاویان کۆمپانیەکانیان باشوری کوردستان داگیردەکەن، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان کە خۆی وەک ئۆپۆزیسیۆن دەزانێت و دژی کارە هەڵەکانی حکومەتە لەوەیاندا (دەستدرێژی تورک و فارس) بێ دەنگە،،سەرباری ئەوەش کێشەی نەوتی کردوەتە دۆزێکی سەرەکی و خۆی ناکات بە خاوەنی کێشە سەرەکییەکانی دی. با کێشەیەکی ناوخۆیی وەک سەردەشت عوسمان بوەستێت کە وزەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردەوە.

بزوتنەوەی گۆڕان تاڕادەیەکی بەرچاو توانیەتی پەرلەمان ئەکتیڤ بکاتەوە و جەماوەر بە ئاگا بێنێتەوە کە چەند ساڵێکە هەردوو





زلهێز(یەکێتی و پارتی و حزبە چکۆلەکان) چۆن گەندەڵی دەکەن و سامانی نەتەوەیی دەکەنە هی خۆیان. گۆڕان توانی بەشێکی لە تاکی کۆمەڵگە فێربکات کە بڵێن ئیدی بەسە و با ژیانی گەلی کورد و چارەنووسی نەبێتە کاڵایەک لە گەمە بازرگانیەکانی ئەو دوو زلێهێزە.

ئەو خالە لاوازانەی کە کەسانی نەتەوەیی و پانکوردستانی بێ بڕوا دەکات بە سیاسەتی گۆران. چوەک بزوتنەوە یان هێزێکی نوێ، ئەوەیە:

0. گۆڕان زۆر سور نیە لە خەباتیدا بۆ چەرخاندنی ئەو دۆزە نەتەوایتیانە کە ئەمڕو سەروەری باشوری کوردستانن، هێشتا بە ناوچە داگیرکراوەکان بە ناوچە جێ ناکۆکەکان ناو دەبات هەروەک ئەو ناوچانە کوردی نەبن و موڵکی عەرەب بن، هەمان پێناسەی هەندێ پارتی عەرەبی و شۆڤێنی و تەنانەت کوردییش. تەنانەت زۆرجار بە لە باتی ناوهێنانی گەریلا دەڵێت چەکدار، هەروەک گەلی کورد لە باکور ڕێگر بێت.
1. گۆڕان وەک ئاماژەم پێ دا هێشتا جەماوەر ساز ناکات کە فارس و تۆرانیەکان دوو داگیرکەری دڕندەن و ڕۆژانە خاکی باشوری کوردستان بۆردومان دەکەن. گۆڕان دەتوانێت لەوەشدا چاودێری کارەکانی حکومەتی باشوری کوردستان بێت کە بۆچی کەمتەرخەمە لە ئاست ئەو پێشێلکاریانە کە تۆرانیەکان و فارسەکان دەیکەن.
2. چاودێری کردنی سامانی نەتەوەیی و سنور دانانێک بۆ کەمتر بە فیرۆدانی کارێکی باشە و ئەرێنیە کە گۆڕان

دەیکات، هاندەرێکە بۆ پاڵپێوەنانی پرۆسەی بە دیموکراتیەیکردنی باشوری کوردستان و هۆشیاریکردنەوەی تاکی کورد و ئاشنا بوون بە مافەکانی. لە هەمان کاتدا مافی ڕەوای تاکی کوردە کە گۆڕان بخاتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری ڕۆژەڤ و داهاتووەوە..لەوانە وەک ئاماژەم پێدا زەقکردنەوەی دەستدرێژی عەرەب، فارس و تورک بۆ سەر گەلی کورد. ئەگەر گۆران ئەوە نەکات، دەبێتە نێچیرێکی بچوک و هەردوو زلێهزەکە لە ناوی دەبەن، بگرە بازرگانیشی پێوە دەکەن.

3. بزوتنەوەی گۆڕان دەبێت خەباتی گۆڕانخوازی خۆی هەمەلایەنە بکات و هەوڵبدات خۆی پەراوێز نەکات لە بەردەم ئەو تاک و لایەنە چالاکانە کە ڕەخنەی لێ دەگرن و لەهەمان کاتێشدا دودڵ نەبێت لە هەڵماڵینی هەڵەکانی حکومەتی کوردستان. لە گەمە سیاسیەکاندا نابێت هەمان هەڵەی پارتی و یەکێتی بکات و پەنا بۆ داگیرکەرانی کوردستان ببات بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکان، بۆ نموونە پرسی بە قاچاخفرۆشتنی نەوت. لێرەدا گۆڕان تووشی زیانی سیاسی و لاوازی جەماوەری دەبێتەوە، چونکە تاکو ئێستاش کۆمەڵگەی کوردی بە گومانەوە دەڕوانێتە حکومەتی عێراق..

داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن شەڕی هەمەلایەنە دژی گەلی کورد بکەن، ئەگەر ئۆپۆزیسۆن، ئەگەر گۆڕان خۆی بە باڵی بەرهەڵست دەزانێت، دەبێت چالاکانە هەوڵ بدات بەرپەرچی ئەو داگیرکەرانە بداتەوە و شەقامی کوردی بۆ





ئەوە ساز و ئۆرگانیزە بکات کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و چاوپۆشی لەوە نەکات کە حکومەتی هەرێم سازش لە سەر سەروەری گەلی کورد بکات. ئەوە خاڵی وەرچەرخان و بەهێزی بزوتنەوەی گۆڕانە ئەگەر دەیەوێت کاری بۆ بەرگری لە مافەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بکات. بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد لە باشور دەبێت هەمەلایەنە بێت! گۆڕان دەبێت خوێندنەوەیەکی زانستی لە زۆربەی بوارە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بکات بۆ ئەوەی مانەوە بەردەوام بێت. دەبێ بە پرۆژەی توکمەوە بێتە مەیدان، نەک تەنها رەخنە بگرێ و چارەسەری نەبی.

## پەیامێک بۆ بزوتنەوەی گۆڕان
## تکایە چی دی ئیسلامی سیاسی گەورەمەکەن!

دوا بەداوی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات و کوشتن و برینداربوونی کۆمەڵێ هاونیشتمانی کورد لە باشووری کوردستان، بزوتنەوەی گۆران لەباتی خستنەڕووی پرۆژەی هەمەلایەن بۆ چاکردنی ژیانی رۆژانە خەڵک و بنڕکردنی هەژاری و گەندەڵی و گێرانەوەی ناوچە داگیراوەکان و یەکلایکردنەوەی پرسەکانی دی کورد لە گەڵ ڕژێمی داگیرکەر عیراق، ئیسلامی سیاسی کوردستانی کردە هاوپەیمانی خۆی و دروستکردنی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن.

گۆڕان دەبوو بابەتیانە تر لەو هاوپەیمانی (هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی) بروانێ کە ئایا چەند قازانجی بۆ پێشەوچوونی پرۆسەی ئازادی و دیموکراتی هەیە لە باشووری کوردستان، ئایا ئیسلامی سیاسی بروای بە ئازادیەکان هەیە؟ ئایا ئیسلامی سیاسی کە سەربە وڵاتانی سعودیە و گروپە تیرۆریست و ئیخوانەکانی ئورکیا و میسرە، چۆن دەڕوانێتە دۆزی کورد؟ ڕووداوەکانی خۆرئاوای کوردستان و ناردنی گەنجەکانی کورد لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە بۆ شەڕکردنی دژی کورد و جیهادکردن بۆ سەرخستنی عەرەب، ئەوەی سەلماند کە ئەو گروپانەی کە هاوپەیمانی بزوتنەوەی گۆڕانن، تەنها کاریان زیان گەیاندنە بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئاینی ئیسلام.





لەبەر ئەو هۆیە پێویستە ڕێکخەری بزوتنەوەی گۆڕان چاوێک بەو هاوپەیمانیەتیە بخشێنێتەوە و هەڵسانگاندێکی سۆسیۆلۆجیانەی درێژخایەن بکات، نەک تەنها وەک تاکتیک خوێندنەوەیان بۆبکات.
دەبێ ئەوە بەهەندە وەرگرێ کە چۆن ئەو حزبە ئیسلامیانە بە چەندان ڕێگە هەوڵدەدەن کۆمەڵگەی کوردی بەرەو مەرگی گەلانی میسر و سوریا و ئەردەن بەرن و دەها گروپی لەو شێوەیە دروستبکەن، کە دەست نەپارێزن لە سەربرینی مندالان،ژن و پیاوان..هتد. دەبێ بزوتنەوەی گۆڕان تاکتیکی "تۆڵە و دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە" لەسەنگەری بەرگریدا بەکار نەهێنێ بە بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی و بەگژدانی جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لاوازکردنی. دەبێ بزوتنەوی گۆڕان لە سیاسەتی گرژکردنی ناکۆکیە سیاسیەکان دووربکەوێتەوە و هەوڵبدات بیانکاتە ئەرێنی و گەیشتە بە چارەسەر.
ئەو داوایە(هەڵسەنگاندنی هاوپەیمانی لە گەڵ ئیسلامی سیاسی) چیدی بەرگەی دواخستن ناگرێ و بزوتنەوەی گۆڕان دەبێ هەنگاوی بە پەلە بنێ، چونکە ئیسلامی سیاسی، هەر لەدەمی هەندێ مەلای توندرەویانەوە، تاکو حزبەکانیان بەهەموو شێوەیەک خەریکی بە سیاسیکردنی کۆمەڵگەی کوردین و لە خشتەبردنی هەستی نەتەوایەتین وتێوەگلانی لاوانی کوردن لەشەڕی قێزەونی کوردکوشتن، شەڕی خۆرئاوا زیندوترین نموونەیە.
جێگەی خۆیەتی کە ئەم پەیامە ئاراستە هەموو گەلی کورد بکرێ لە مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ داهاتووی گەلی کورد و هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە، بە یارمەتی هەموو لایەک بکرێ، کە ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی تێدا دیاری بکرێ...با ئەو هەڵوێستە

لەو گەنجانەوە دەست پێبکرێ کە گروپەی ئیسلامیەکان فریویان دان بۆ شەڕی کورد لە خۆرئاوای کوردستان.!





**مۆدێلی دانیشتنی دیواخانەکان هێشتا برەوی هەیە، دانیشتنی مەسعود و نەوشیروان به نموونە!**

دید و بۆچون..
١٦-٢-٢٠١٤ سوێد

لەوەتی بزوتنەوەی کورد لە باشوور، پێناسەی بزاوێکی وەرگرتووە و خاوەنی هێزێکە، لە دیرۆکی تەمەنیدا مۆدێلێکی نوێی دەربارەی وتووێژ دانەهێناوە بۆ ئەوەی ئەنجامێک دەستەبەر بکات، چ لە نێوان باڵ و فراکسیۆنەکانیدا یان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا.
وتوێژی نێوان نەوشیروان ( ڕابەری بزوتنەوەی گۆران) و بەرزانی دووەم( مسعود بەرزانی) لە کۆمەڵێ ژووری ئەنگۆستەدا کە دەبەسترێ، لە دانیشتنی دوو سەرۆک عەشرەت دەچێ ، کە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنیشن و مشتومڕ دەکەن ، بەبێ ئەوەی ڕێز و کەسێتی ئەندام و لایەنگرانی خۆیان بەهەند وەرگرن،.
ئەدی هەردوو رابەر ئەو هەموو ڕێکخستن و دامەزراوە سیاسیەیان لۆ چیە، لەشکری کادیر و کۆمیتەکانیان و دەمڕاستەکانیان کاریگەری، لەپای چی؟
ئەگەر لە کاری سەربازیدا کورد هەندێ جار سەرکەوتنی بەدەستهێنابێ، ئەوا پێشرەوت نەچوونی کاری دیبلۆماسی و مشتومڕ، یەکێکە لە هەر کێشە گەورەکانی بزافەکەی، تەنها لەباشووری کوردستان نا، بەڵکو لەپارچەکانی دی کوردستانیش.
هەر لەشکستی شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران و تاکو رووخاندنی

کۆماری مەهاباد و ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ و دوا ووتوێژی کوردی باشوور لەگەڵ عێراقی داگیرکەر، ئەوەیان سەلماند کە کورد چەند دەستە پاچەیە لە هونەری وتووێژ.

بزوتنەوەی گۆڕان تا دوا هەڵبژاردنیش، دانیشتنی لەگەڵ پارتی و بنەماڵی بەرزانی رەتدەکردەو و هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی پارتی داوە. ئەوەی ئەم جارە روویدا( هەڵبەتە دەولەتانی دراوسێ، بەتایبەتی ئیران کاریگەری لەسەر نیزیکبوونەوەی ئەو دوو هیزەی هەیە، وەک ١٩٨٦ کە قەرارگای رەمەزانی پاسدارن، دوای سی ساڵ شەری مەلایی-جەلالی لەتاران ریکیخستنەوە) دیسان ئاستی نزمی مشتومرەکان دەسەلمێنێ و ئەو ئەنجامەمان دەدات بەدەستەوە کە گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی و هێزە بزوینەرە سیاسیەکانی لە کام قۆناغدایە، قۆناغە کۆنەکان. لێ ئەوان لەم جۆرە مشتومرەدا، تەنها کار لەسەر ئاستی سەرکردە دەکەن، نەک بنکە حزبیەکان، بۆیە هەر کە ناکۆکیەکان دەگەنە بن بەست ئیدی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تیک دەچێ و شەڕی خوێناوی زۆرجار دەقەومێ. جەماوەر بێ ئاگایە چباسە و تەنها چاوەڕێی مزگینیە.

دوای ئەوەی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ دا گۆرانکاری بە خۆیانەوە دەبینن و یەکیتی هەندێ لە دەنگەکانی لەدەست دەدا، ئیدی هیزەکان دوای ئەنجامەکان، کایەکانیان بۆ دەسەلات وەرگرتن دەگۆڕن و لەوپەڕی سەنگەری نەیاریی و دوژمنایەتییەوە وەک چەند سەرۆک عەشرەتیک، بۆ دابەشکردنی سامان، سەردەکەن بەیەکتردا، بەبێ ئەوەی ستراتیژێکی نەتەوەیی نیشتمانی وەبەرچاو بگرن. دروستکردنی حکومەت ئامانجێکی چکۆلە و لاوەکی دەبێ.





لێرەدا بزوتنەوەی گۆڕان، لەباتی ئەوەی درێژە بە گۆڕینی نەخشەی سیاسی بدات، لەگەڵ یەکێتی و هێزەکانی دی نیزیک بێتەوە و حکومەت دروست بکا، بە پێچەوانەوە، دیوەخانەکانی پیرمام هەلدەبژێری( دووریش نیە ئەوە پێشنیاری ئیران و تورکیا بێ) و تاکو ئەمڕۆش شتێک لەدایک نەبووە ناوی حکومەت بێ.

نەوشیروان، دەبوو، سوود لەو وتووێژە شکستخواردوانە ببینی کەلەگەڵ حکومەتەکانی عیراقدا دەکران و دەکرێن. حکومەتەکانی عێراق بەدەها کادیری نوێ و دبلۆماسیان دروستکردوە و کاتێک دەخوازێ وتووێژ بکا، کەسانی پێش چل ساڵ و بێ توانا نانێرێ.

حکومەتی کوردستان، لەساڵی شەستەکانەوە تاکو ئیستا هێشتا دەها کەسی وەک دمەحمود عوسمان دەنێرێ، کە ناتوانن لە گەڵ خواستەکای ئەمرۆدا دەربچن.

نەوشیروان دەبوو پێش ئەوەی خۆی بچی بۆ دیواخانەکانی پیرمام، کۆمێتەی هەردوولا، هەموو پرسگەلەکانیان چارەسەر بکردایە و ئەوسا وەک مۆدێلێکی نوێ، لە مۆرکردنی رێککەوتنەکاندا هەردوو سەرۆکەکان ئامادە بوونایە. ئەوەی نەوشیروان و مەسعود بەرزانی مشتومڕی لەسەر دەکەن، مەگەر تەنها خۆیان و دیواری دیواخانەکان بیزانن، ئەوە پێش ئەوەی کەم سەیرکردنی توانای ئەندام و شوێنکەوتوانیان بێ، مۆدێلێکی کۆنی سەرۆک بنەماڵەکانە کە خاوەنی دەها سەپان بوون و گوێشیان لێنەدەگرتن.

هێزە بزوینەرەکانی کوردستان هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە قەرەی کۆنسێپتی(مەفهومی) هونەری وتووێژ بدەن و گەشەی مرۆیی لە بواری سیاسی و ئەوانی دیدا پەروەردە بکەن و دامەزراوەیەکی بۆ

دروست بکەن. مەگەر شەڕی دیبلۆماسی یەکێک نیە لەشەڕە سەختەکان؟





**هیوادارم ڕاست نەبم!**

**کێ حکومەت دروست دەکا ؟**

هێزە براوەکانی باشووری کوردستان (لەهەڵبژاردندا) لەدروستکردنی حکومەتی هەرێمدا، کایەی دروستکردنی حکومەتییان دوا خست، ئەوەش کۆمەڵێک ئاریشەی ئابوری، دەروونی کۆمەلایەتی..هتد دروستکرد. حزبەکان( پارتی و گۆران) کەوتنە بەر بەرەی تۆرانیەکان و یەکێتیش بەر، ئەو بەرەیەی کە دژی جیاکردنەوەی خۆرئاوای کوردستان و هەڵوێستی هەندێ سەرکردەیان دژی ڕەفتاری پارتی, بۆ نموونە بەهەڵکەندنی چالێکی بایکۆت، بۆ خنکاندنی هاولاتیانی کورد لە خۆر ئاوا، هەڵوێستێکی نامرۆڤانە.

سزادانی یەکێتی تەڵەیەک بوو، نە دەبوو بزوتنەوەی گۆڕان بەچاوی تۆڵەوە بۆی بنواڕی و لەگەڵ هێزێکدا ڕێک بکەوێ کە تاسەر ئیسک، لە خیانەت و بازرگانی بە کوردستانەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو دڵ نەبووە. هەڵبەتە یەکێتییش و هەندێ لە حزبەکانی دی بەشدارن لەو خیانە نیشتمانیەدا تا رادەیەک، بەڵکو گۆڕان نەدەبوو کایەکانی سالانی پێشوو، لە دابەشکردنی سامانی کوردستان، لە نیوان دوو هێزدا، بەشدار بێ. ئەدی مەگەر بزوتنەوەی گۆران دژی خۆی ناوەستێتەوە، کە پارتی بە حزبی گەندەڵ و بازرگانی نیشتمان دەناسێنێ و خۆشی بەشدار دەبێ لەو تاوانانەدا؟  ئەوە پرسیارێکە دەبێ ئەندام و لایەنگرانی ئەو بزوتنەوەیە لەسەرانی گۆرانی بکەن، کە لەو پێناوەدا، هەر لەسەردەمی شەری مەلایی-جەلالیدا (١٩٦٤) سەدەها لاویان لەسەر

داوە بەکوشت! تەنانەت سکرتێری کۆمەڵە لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە ١٩٧٨(نەوشیروان) شەڕی سڕینەوەی مالباتی بەرزانی بەشەڕێکی پیرۆز دەزانی(بروانە لا ٢٠٨ ئەزمون و یاد ، م پشکۆ نەجمەدین!

ئەوەی کە پتر لای من گومان دروست دەکات، هاتنی بکوژەکەی دکتۆر قاسملۆ وەک ناوبژیوانێک بۆ ڕێکخستنی نیوان هەر دوو جووت هێزە بە هێزەکەی سۆران( گۆران و یەکێتی) و چوونی نوێنەری زەردیش، نیچیرەڤان بۆ تورکیای تورانی. ئەوەی کە خۆی دەنوێنێتەوە، ئەوەیە کە هێشتا ئەو هێزانە داشی دامەی داگیرکەرانی کوردستان و پتر متمانەیان بەوان(بە داگیرکەران) هەیە تاکو گەلی خۆیان. دیسان بۆ گۆڕینی دەموچاوی حکومەت، دەڵێم نەدەبوو گۆران ئەو هەڵە کوشتندەیە بکا و خۆی بکاتە هاوبەشی لایەنێک کە ئامادەیە سوپای توران و بۆران بۆ لێدانی نەیارانی بهێنێ، هەرچەندە هێزەکانی دیش ئەو کارەیان کردوە.

دەبوو بزتنەوەی گۆران وەک هێزێکی نوێ، نهێنی ژوورە تاریکەکان بۆ خەڵک ڕاشکاوانە ئاشکرا بکا، نەک دوای شەش مانگ، بەبێ ئەوای خەڵک، بریارەکانی ئەو ڕێککەوتنە بزانێ، وەک بانگەشەی زەماوەند، مزگێنی سەرکەوتن ببخشێتەوە.

ئەزمون و یاد ، م پشکۆ نەجمەدین!





## تاڵەبانی و نەشیروان گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم

**بەدوادا چوون**
**٢٥-٩-٢٠١٢سوێد**



دەسەڵات بێ یان ئۆپۆزیسیۆن، هەموو بەرهەمی کۆمەڵگەن و لە هەمان سەرچاوەن. کۆمەڵگەیەک کە ڕایەڵ و کۆڵەکەکانی پێوەری هۆز و خێل بێت، لەوە باشتر چاوەڕێی بەرهەمی دی لێ ناکرێ. دەبوو نەوشیروان بە هیچ شێوەیەکی ئامادەی کۆبۆنەوەی داخراو لە گەڵ تاڵەبانی نەبوایە، مەگەر ئەندام و لایەنگرانی گۆران مافی ئەوەیان نیە کە خاوەن بڕیاربن، بەڕاستی کۆبەنەوەی لەو جۆرە، لەپاڵ ئالای عروبەدا و بەبێ بەشداری دەستەکان و ئەندامی سەرکردایەتییەکان، نیشانەی برەودانی گیانی تاکڕەوییە لە نێو کۆمەڵگەدا و پتەو کردنی دەستەمۆکردنی تاکەکانە. کۆمەڵگەیەک کە سەرکردە هەموو شتێک بێت و وەک بتەکانی مەکەی پێش لە دایکبوونی ئیسلام، نەمر بکرێ. ئەوە هەزار بارە لێسەندنەوەی گیانی تاکەکانە و بەهەند وەرنەگرتنیان وەک مرۆڤ، گرنگ ئەوەیە سەرۆک ڕازی بێ، بەلام کارەسات لەوەدایە کەسەرۆک مرد، ئیدی ئەوان بێ ڕابەر دەمێننەوە و بلاوە

دەکەن...هەرواش بووە، ئەدی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ بڕیاری تاکە کەسێک نەبوو کە قوربانی گەلیکی خستە ژێر پاوە، مەگەر دروستکردنەوەی عێراقی عروبە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیاری چەند سەرۆک خێڵێک نەبوو؟ ئای لەو کارەساتەی باشووری کورستان کە تێدا بەدەست ئەم سەرکردە خێلەکییانەوە، دەژی! ئای لەو گەلەی کە بەتەمای ئەوەیە کە سەرکردەیەکی نەخۆش بیگەێنێتە ئامانج و سەرکەوتن.! ئەم شانۆگەرییەی نێوان نەوشیروان و تاڵەبانی، ساڵانی شەست و شەش بیردێنێتەوە کە تاڵەبانی لە هەمەدانەوە دوایی شەش ساڵ ئاوارەیی لە ئێران بووەوە بە مەلاییە ئۆرگیناڵەکە، هەمان شانگۆگەریەکەی ئالای شۆڕش ساڵی ١٩٨٤ دوای چوار ساڵ مەلا بەختیار بووەوە بە جەلالییە سەوزەکە، ئەمڕۆش نەشیروانی هەمان شانۆگەری دەبارە دەکاتەوە و قوربانیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و شەهیدانی ١٧ شوباتی دەخاتە باوەشی تاڵەبانی و کوژاندنەوەی ئەو دەنگانەی کەدژی گەندەڵی دەسەڵاتن و بۆ سەروەری یاسا لە باشووری کوردستان هەوڵ دەدەن.





## ئەو دەسەلاتەی کە مافی گەل لە کونی دەرزییەوە دەبینێ، ئەمجارەش لە تاقیکردنەوەی تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا کورتی هێنا

رەخنە

١٥-٣-٢٠١١ سوێد

دەسەڵاتی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بەوپەڕی لێبوردنەوە بتوانێت هەرچی ڕەنگ، توێژو چینی هەمەرەنگ هەیە لە ژێر چەتەر و دەواری یەکێتی نەتەوایەتیدا نیشتیمانیدا کۆبکاتەوە، هەموو لایەک ئەوە هەستەی لادروست ببێت، کە بەشێکی چالاکە لە کۆمەڵگە. ئەوەی رۆژی هەولێر، کە تەنها دوو ڕەنگی زەقی دەسەلاتی تێدا قیت بوو، شکستیەکی دی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی بوو، کە ڕەنگەکانی خۆیانیان سەپاند بەسەر ئەو شارە مێژوویە و شارەکانی دی باشووری کوردستاندا. بارزانی دووەم و تاڵەبانی لە باسی پەسەندکردنی یەکتردا، پێکەوەژیاندا دنیایان پڕکردووە. بەڵام ئەوەی کە لەسەر سەکۆی وتارەکانیانەوە پەیامی بۆ دەدەن، چاسورکردنەوە و لێکترازاندنی جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردیە لەو بەشەی نشتیمان. لە کایەی دیموکراتی وادا کە بارزانی دووەم(مەسعود) لە سەر قەڵای هەولیرەوە جاڕی بۆ دا، کاریگەری ڕەنگی ئەو پەڕو سەوز و زەردانە، لە هی پەڕۆی (سەر شەخسێکی) تولە ڕێییەکی کۆن تێپەڕ ناکات کە تەنها دەبێتە دلدانەوە کەسێکی کۆسی کەوتووە یان بۆ پاڕانەو نزا پەنای پێ بردبێت.

پێویست ناکات مرۆڤ کۆمەڵناس یان سیاسییێکی کارامە بێت بۆ خوێندنەوەی پەیامی ئەو جورە دەسەڵاتە. سەرۆک و دەسەڵات بۆیە لەم تاقکردنەوەش شکستیان هێنا، چونکە ڕوی ڕاستەقینەی جەماوەریان پیشان نەدا، هێشتا نێوەی باشووری کوردستان تنۆک تنۆک خوێنی لی دەکێت، بەلام ئەوان نەیانتوانی وەک سەرۆک و دوو حزبی خاوەن دەسەلات باسی ئەوە بکەن کە دەبێت تاوانبارانی ١٧ی شوبات دوو بدرێتە دادگا، هەنووز باسی هێمای ئەویان دا کە شەقامی کوردی بریتیە تەنها لە دوو رەنگ. سەرۆک هێشتا وەک سەرۆکێکی گیانی دەپەیڤێت، نەک وەک کارگێری گەلێک. ئەوە گومانکردنە لە توانا و بروای گەل.

زۆربەی ڕێگاکانی دونیا دەچوونە سەر ڕۆما، بەلام کە گەندەڵی و دووبەرەکی زۆری بۆ هێنا، ئەو هێزە گەورە میژووییەش شکستی برد کە ڕۆما هەیبوو. نەخۆش کە زانی نەخۆشە و پەسەندی کرد کە پێویستی بە پزیشکە، ئەوسا گەورەترین هەنگاوی چارەسەری بریوە. دار و دیوار وێنەی بارزانی و تاڵەبانیە، لە خویندگە، مزگەوت، زانکۆ و فەرمانگە، پۆلیسخانە، نەخۆشخانە و هتد، سەرۆک لە هەموو شوێنێک دیارە، بەلام بە داخەوە سەرۆک گەندەڵی نابینێت، نارەوایی لە دابەشکردنی سامانی نەتەوایەتیدا بەدی ناکات. هاولاتی کورد لە زۆربەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێ بەرییە، ئەگەر هەشی بێت وەک وێنەکەی بارزانی و تاڵەبانی بە دیوارەکانەوە بێ گیان و چالاکیە. دەسەلات تەنها لەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە ناسنامەی کۆنە نەیارێکی خۆی کرد بە بەرهەڵست و ئۆپۆزیسۆن، ئیدی گۆێی بە گەندەڵی و دۆزینەوەی چارەسەر نەدا.





بەڵی سەرۆک و هەردوو زلپارتیەکەی دەسەلات، ئەمجارەش وەک جارەکانی دی لە تاقیگەی شاری منارە و قەلا شکستیان هێنا، تەنها دوو پەروو بێ گیانیان بۆ شار پێ بوو، لە زاخۆ و دهۆکیش هەروەها، دوو پەڕوو کە چل ساڵە وەک خێڵە کۆچەریەکانی بیابان لاوی کوردی پێ دەدەن بە کوشت. سەرۆک دەبوو لە سلێمانی دیاربێت، لەو شوێنەی کە منداڵیکی کوردی ١٢ ساڵەی تێدا بە فیشەکی پاسەوانەکانی کوژرا. دەبوو لە بەردەم سەرای سلێمانی بێت ئەگەر خۆی وەک سەرۆکێکی ڕاستەقینە بناسیایە..

بۆ ئەوەی لە مەودوا هەردوو زلهێزێکە وهێزەکانی دی لە تاقیکردنەوەی وادا سەرکەوتووبن، دەبێ لە کوێ نارەزایی جەماوەر هەبێت ئەوان لەوێبن، نەک تەنها بە وێنە بێگیانەکانیان، ڕەنگە ئاگراوییەکانیان دڵی جەماوەر بشکێنن...دەبا ئیدی ئەو مودێلە کۆنە نەمێنێت، وێنەی سەرۆک و رەنگ کە هۆکاری دووبەرەکین! خەڵک وێنەی سەرۆک و ڕەنگی حزبی بۆ چییە کە پەروایزکراوە.

سەرۆک لە گەمەی پێشوازی گۆڕانکارییەکانی ئەمجارەش، لەوازیەکانی سیاسیدا شکستییەکی گەورەی هێنا، چونکە ئەوانەی کە لە سلیمانی بوونە قوربانیی، کورد بوون و هەندیکیشیان منداڵ بوون. سەرۆک نەک هەر نەیتوانی دۆخەکە هیور بکاتەوە، بەڵکو بوو بەشێک لەو گەڕە لاوژێیەی کە بزوتنەوەی گۆڕان نایەوە.

**بارزانی دووەم:**

**ئەو بەرپرسانەی کە ڕۆژی ١٧ی شوبات فەرمانی تەقەیان دا، دادگایی ناکرێن!**

ئەو بەیاننامەیەی کە نابێتە جێگەی دڵنیایی گەل!

٤-٣-٢٠١١ سوێد

لەحەقدەی مانگەوە تا کو ئەمڕۆ پتر لە ٢٣٠ کەسی بریندار و هەشت هاولاتی کوردیش بە بەفەرمانی هەندێ بەرپرسی بەرز خوێنیان لەپیناوەی نەهێشتنی گەندەڵیدا ڕژاوە.. سەرباری زیانی ئابوری،، شایەنی باسە لە ناو قوربانیەکاندا منداڵ و مێرمنداڵیشی تیایە، کە لەڕوی یاساییەوە گەورەترین تاوانە بە مافی منداڵان. بەرزانی دووەم(مسعود) دوو هەفتەیە پتر کاروباری سەرکردایەتی هەرێمی بە کەسانی تر بەخشیوە و بێ ئەوەی ئامانجی گەشتەکەی ڕوون بکاتەوە لە نیشتیمان دوورە. بۆ وەڵامدانەوەی نارەزایی خەڵک، بە یاننامەیەکی ئامێز باوکانەی وەک (حوسنی موبارەک، سەرۆکی میسر) ئاراستەی گەنجانی وولات کرد کە هێور ببنەوە.

بەیاننامەکە هەندێ خاڵی داخوازی دووبارە و چەسپ نەبووی پێکاوە کە چەند جار پێشتر دووبارەی کردونەتەوە، کە جێبەجێ نەکروان. ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترە و کە لە بیری چووە یان گوێی پێ نەداوە، کە یەکێکە لە داخوازییە هەنووکەییەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، ئاماژە نەدانە بە دادگاییکردنی ئەو بەرپرسە بەرزانەی پارتی کە فەرمانی تەقەکردنیان داوە بە پاسەوانەکانی لقی چوار و لقەکانی دی پارتی بۆ لە ناوبردنی





منداڵان و خۆپیشاندەرانی بێ چەک. ئا لێرەدایە سەرۆک نیشانی داوە کە چەند خەمخۆری بێلایەنکردنی دادگا و دامەزراوە سیڤیلەکانی باشووری کوردستانە!

بارزانی دووەم (مەسعود) باسی ئەوەش دەکات، کە خۆپیشاندانی لەو جۆرە سومعەی کوردستان دەشوێنێت،، بەلام باسی ئەوەی نەکردوە چۆن؟ مەبەست لە سومعە چیە؟ ئەی سومعە بە گەندەڵی نەچێ بە چی دەچێت؟ ئەگەر سومعەی ولات بە تاپۆکردنی سامانی گشتی لەسەر حزب و بنەماڵە نەزرێت، دەبێ ئەو سومعەیە کامەیە کە بارزانی دووەم باسی دەکات؟ سومعە بەوە دەشێوێت کە پێش لەشکری داگیرکەرانی کوردستان بکەویت، کە هاولاتی هەژاری کورد وەک مرید و دەرویش و کۆیلە سەیر بکرێت! سومعە بەوە دەچێت کە نەوەکانی(کوڕ و کچی لێپرسراوەکان. بۆ نموونە نێچرەڤان و قوباد) خۆیان، هەرچەندە نا خوێندەواریش بن، بەرزترین پۆستیان بدەنێ، کوری هەژار و خەڵکی دڵسۆز و بێ لایەنیش پەراوێز بکرێت و لە دامەزراوەکاندا کاریان چنگ نەکەوێت، سومعە بەوە دەشکێت کە قوربانیانی هەڵەبجە، سەرباری ئەو بودجە گەورەیەیی کە هەرێم هەیەتی، مانگانە هەرکەسێکیان مووچەی ٧٥ هەزار دیناریان هەبێت، بەلام خۆیان ئەرز و ئاسمانتان داگیرکردوە و دوورنیە نرخی بەرگ و پۆشاکەکانیان پارەی ساڵێکی مامۆستایەک بێت. ئەوەیە سومعە چوون ئەی سەرۆک! سومعە بەوە دروشێت کە مێرمنداڵێکی بەستەزمان بە ڕەشایی پاسەوانەکانی حزب گیانی لێ زەوت دەکرێت، کە گەنجان بەدەست میلیشیایی ئێوەوە لە خوێندا دەتلێنەوە.

گەنجان لای کێ سکاڵا بکەن کە بۆ نموونە خوێندگەیان نیە، ئاستی خزمەگوزاری لە نێوان کوڕ و کچی لێپرسراوانی بەرز و کەسانی ئاسایی ئاسمان و زەوی جیاوازی هەیە..گەنج لە کوێ سکالا بکات کە ئێوە دوو هەفتە وون دەبن و بەبێ ئەوەی تەنانەت پەرلەمانیش بزانێ؟ گەنجێک کە خاوەنی هیچ نیە، گەنجێک کە کینەی ستەم و نایەکسانی لە ناخیدا پەنگ خواردبێتەوە، بێگومان بە لافاوی هەستی بە هەموو شێوەیەک دژتان دەوستێتەوە، پێوەر و پیرۆزیەکانی ئێوە لای ئەو هیچ واتەیەک نابەخشێت.

کەواتە سەرۆک! ئەو شێوەیە سەرکردایەتییە ئێوە ، زیان بە پاشەڕۆژی گەنجانی باشووری کوردستان دەدات،، زیان بە یەکبوونی نەتەوایەتی دەدات، ئەگەر ئێوە گەنجانی کوردستان بە چاوێکی باوکانە و یەکسان سەیردەکەن، دەبوو هەروەک چۆن(مسرور و قوباد) پێگەیان پێدراوە، سامانی هەژارانی کوردستانیان لە ژێر دەستایە، گەنجانی هەژاریش هەمان شانسیان هەبووایە..دەبوو هەر ئەو ڕۆژەی کە منداڵانی کورد و ڕۆڵەکانی شاری سلیمانی بە فەرمانی لێپرسراوەکانی ئێوە شەهید بوون، ئێوە گەشتەکەتان ببریایە بەرەو  نیشتیمان بگەڕاناێتەوە، ئەو کەسانەتان بۆ بەردەم دادگای گەل ڕاکێش کردایە! نەک بە دروستکردنی  شانۆگەری هاتنی داگیرکەرانی کوردستان و باسی شۆڤێنیەکان خەڵکتان فریو بدایە.. لێ داگیرکەران لە هەولێر و بامەڕنین..لە سلێمانی و قەڵاچوالانن..لە ناو کۆمپانیاکانن..





بۆ خوێندنەوەی بەیاننامەکەی بارزانی دووەم
http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=225756

**ڕاگەیاندنی دەسەڵات لە تەنگاویدا،**
**داخوازی جەماوەر ناشیرین دەکات و دەیکاتە شەڕی گۆڕان**

ڕەخنە

چۆن دەسەڵات داخوازیی کۆمەڵگەی کوردی ناشیرین دەکات




٢٦-٣-٢٠١١ سوێد





ماوەیەکە دەسەڵات لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە لێکچووەکانیەوە، دەبارە و هەزاربارە هەوڵ دەدات کێشە چاکسازی و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی جەماوەر لە بازنەی بەردەرکی سەرا بچوک بکاتەوە و لە یەکێک لە هەر ئامانجەکانی گەل لە دادگاییکردنی تاوانبارانی حەڤدەی شوبات خۆی بدزێتەوە. بە شێوەیەکی تر دەیەوێت ئەو پەیامە بە جیهانی دەروەو ناوە بدات، کە ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە کۆمەڵێک گەنجی سەرلێشێواو بێ بەرنامەن و هیچ لە توێشەکەیاندا نیە، دەیەوێت، ئاین بکات بە ترسناکترین چەک بۆ تۆقاندنی خەڵک و بڵێت ئەگەر دەسەلات بگۆڕدرێت، بەیانییەکی زوو کوردستان دەبێتە ئیسلامی توندڕەو، هەرچەندە لە سەدا ٨٧% ی گەلی کوردستان موسڵمانن و هەموو کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردنی ئاین و بیروڕا. ئەگەر بزوتنەوەی گۆران ماوەی دوو ساڵە دروست بووە و هێزی نەیاری دەسەلاتە لە ناو ژوورەکانی پەرلەمان و شەقامدا، ئەوا خەڵک لە سالانی ڕاپەرینەوە چاوەڕێی چاکسازی و هێنانە دی دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانییە. شەقامی کوردی:

- دەزانێت کە بیست ساڵە زیاتر سامانی بە شێوەیەکی نایەکسان تالان دەکرێت، دەتوانرا بە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و سنوورەکانی دی خەرجیی و باشترین خزمەتگوزرای پێشکەش بکرێت، ئەو سەرمایەیە کوێوە چوو؟
- دەزانێت و چاوەڕییە کە پاکسازی دەزگاکانی حکومەت و لایەنە سیاسیەکان لە سەرۆک جاشی ئەنفالچی و سیخوڕەکانی بەعس بکرێت، بۆ تا ئەمڕۆ نەکراوە؟

- لە مێژە بە پێویستی دەزانێت کە دەبێ یاسا لە کوردستان سەروەر بێت و حزب و سیاسیەکان دەست لە کاری هاولاتیان وەرنەدەن، ئەدی بۆ ئەو کارە بەردەوامە؟
- شەقام لە مێژە بە ئاگایە لەوەی کە سەرانی براکوژی دەبێ بدرێنە دادگاو وەلامێک بۆ قوربانیەکان بدرێتەوە..نەدرا؟
- کۆمەلگەی کوردی پیویستی بە بیمە کۆمەلایەتی هەمەلایەن هەیە، بەلام دەسەلات دامودەزگاکان بە کەرتی تایبەتی بیانی دەفرۆشێت و بگرە دژایەتی بەرهەمی نیشتمانیش لە رێگەی کۆمپانیاکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە دەکات
- دەسەلات هێشتا نەیتوانیوە کە مترین مافی ناوچە داگیرکراوەکان بسەنێتەوە و خەلکەکەی بپارێزێت.
- شەقامی گەنجان هوشیارن لەوەی کە دەسەلاتی ئێستا، هەنوز دوای بیست سال دەسەلات، نەیتوانیوە بەرنامەیەکی توکمەیان بۆ دابنێت
- شەقامی کورد باش دەزانێت، هەرکارێک یان پرۆسەیەک لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەو دوو زلهێزە هەبێت قۆرخ دەکرێت و هەلدەپروکێنرێت، بۆیە لەسەر شەقامە..

ئەو خالانەو و داخوازی تر کە هی هەموو شەقامی کوردییە، نەک تەنها هی شاری سلێمانی، لە بادینان و هەولێر، تاکرەوی حزبی و یەک رەنگی، هێزی بیرکردنەوەی لە تاکی کورد بڕیوە، بێجگە خۆپیشاندان تاکی کورد هیچی بۆ نەماوەتەوە . دەسەلات بەشێوەیەک داخوازی خەلک ناشیرن دەکات، کە پەی بۆ هەموو





رێگەکان دەبات، لە بەکارهێنانی هونەرمەند، گۆرانیبێژ، نووسەر، رۆشنبیر.مەلا.هتد

ئەوەی کە لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە دەسەلات ماف بە خۆی دەدات کە سەکۆی پەرلەمان بکاتە مزگەوت و شەقام بەو رەنگەی خۆی بیەوێت بۆیە بکات، مردوەکانی بکاتە هێمای پیرۆز و خەلکی پێ ناچار بکات، مەزاری نەمران بە نموونە، بەلام ئەو مافە بە هاولاتی سادە نادات کە لە باخچەیەکدا یان شەقامێکدا، دەردی دلی خۆی هەلبرێژێت، بەلکو مندال و گەنجاکانیش دەکوژێت ئەگەر دەنگاین هەلبرن! ئەوە کارێکی ناجورە و کۆمەلگە دەکات بەچەند بەشێکەوە. کەواتە ئەوە دەسەلاتە کە هێشتا بە ئاوازی شاخ بیردەکاتەوە و بروای بە رەنگی دی نیە، ئەو دەسەلاتە کە پاشکەوتوانە بەبەرگێکی نوێیەوە رەفتار کۆن دەنوێنێ . بیرکردنەوەی دەسەلات کۆنە وجامی کردوەو چل سال لە پاش بیرکردنەوەی گەنجانی ئەمرۆی باشووری کوردستانە.

## گۆڕانکاری یان جنێوکاری؟

## له پەراوێزی شەرە جنیوی نێوان شوێنکەوتوانی پارتییەکانی باشووری کوردستان

هەڵوێسته

٦-١٢-٢٠٠٨ سوێد

---

هەموو گۆڕانکارییەک پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەر(فاکتەری ناوەخۆیی و درەکی) هەیە بۆ ئەوەی وەکو دینەمۆیەک بتوانێت گۆڕانێکی بەرجەسته له جستەی ئەو کۆمەڵگەیەدا بهێنێته دی. سەرکەوتن یان شکستی ئەو گۆڕانکاریه بەنده لەسەر ئەو بناغەیەی کە ئەو گۆڕانکاریەی لەسەر دروست دەکرێت،(بڕوانه Changing Organizational Culture ). له هەمووی گرنگتر ئەوەیه کە هەوێنی ئەو گۆڕانکاریه بچێته ناو هزری تاکەکان و له ڕەوشتیاندا ڕەنگ بداتەوە و ببێته هێزێکی هەرەوەزی بۆ ئەو گۆڕانە. گرنگە ئەو گۆڕانکاریه ئارامییێکی فراوان بدات به خەڵک و ببێته جێگەی بڕوای هەمووان و نەبێته هۆی دووبارە بوونەوەی هەڵەکانی پێشوو. گرنگه کە بزافی ئەو گۆڕانکاریه خاوەن فەلسفەیەکی نۆی بێت، خشتەیەکی هەمەلایەنەی هەبێت، ئامانجێکی ڕون و سەرکردەیەکیش هەبێت کە بتوانێت ڕابەری ئەو گۆڕانکاریه بکات،( بڕوانه Ledership in Organization )؟ ئایا له باشووری کوردستان ئەو فاکتارانه هەن؟

**ڕاسته گاڵته، ساتیر یان جنیودان بەشێکه له کەلتوری میللەتێک، بەڵام ، ئایا جنێودان باشترین ئامرازی گۆرانکاری کۆمەڵگەی کوردیه له باشووری کوردستان، به تایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێ کە بتوانێت له گەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بەرەوپێش بڕوات؟**

جنێودان سوکایەتی پیکردنه به خودی مرۆڤ. ئەو مرۆڤەی کە جنێو دەخوات، له لایەن جنێودەرەوە بەکەم سەیر دەکرێت. جنێودان چەند ڕەهەند و نهێنێکی نەرێنی دژی مرۆڤ و کۆمەڵگه له خۆ گرتووە:

- شکاندن و سووکایەتی پێکردنی ئەو کەسەیه لەڕوی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کە جنێو دەخوات،
- پەراوێزکردن و گوشەگیرکردنی ئەو کەسە(جنێوخۆر) یه له لایەن جنیودەرەوە.
- و خۆ بە زلزانینی جنێودرەرە بەرامبەر جنێو خۆر
- جنێو شەڕێکی میدیایە و سەرەتای ناکۆکیێکه له نێوان دوو کەس یان دوو گروپی جیادا
- جنێودان داخستنی دەرگاکانی دیالۆگه و ڕێز نه گرتنی ڕای بەرامبەرە
- جنێودان، دروستکردنی پێرپێری و هەستی جودایی ئێمە و ئێوەیە، له یەک گروپ یان کۆمەڵگەیەکەدا
- له هەمووی گرنگتر( بۆ کۆمەڵگەی کوردی) وەبەرهێنانەوە و چاندنەوەی ئەو قین ڕکەیە کە داگیرکەران کوردستان چەندان ساڵە بۆ لاوازکردنی گەلی کورد کاری بۆ دەکەن
- جنێودان دۆگم کردن و سووکردنی بزوتنەوەی ئەو دەنگدانەیە کە دەخوازن کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی مۆدێرن و سەردەمیانه بگۆڕن

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەم ووتارە: ، ئایا جنێودان باشترین ئامرازی گۆڕانکاری کۆمەڵگەی کوردیە لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێ کە بتوانێت لە گەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بەرەوپێش بڕوات؟ بۆچی جنێو لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبیتە هۆی لە یەک ترازانی پێوەندیەکان، لە سەر ئاستی تاک یان کۆمەڵگە و کاریگەری خۆی بە ئاسانی بەجێ دەهێڵێت؟

کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بنەماڵەیی ژێر دەستەی ئاینی داگیرکەرانی کوردستانە و دیلی ئەو پێوەرە هەرەوەزیانەیە کە چەندەها ساڵە لە ناخی تاکی کورد دا ڕیشەیان داکوتیوە. لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا، تاک ملکەچی ئەو پێوەر و ئاینەیە و ناتوانێت لە دەرەوەیدا خۆی بدۆزێتەوە. بۆ نموونە جنێودان بەسەرۆک یان بنەماڵە، جنیودانە بە خودی ئەو تاکە. تاک لە قاڵبی هەرەوەزدا یەکە و بوونی نیە، بۆچونێکی هەرەوزی کۆی هەیە. ئەو هۆکارەش وای لە تاک کردووە کە هەرچی دژی سەروەریەکانی بنەماڵەکەی یان هۆزەکەی بێت، بەرگری لێبکات و دژیان بوەستێت. تاک لێرەدا(تاکی بنەماڵە) تاکێکی هوشیار نیە و هەنگاو و ڕەفتاری سۆزدار دەبن پێش ئەوەی هوشیارانە بیر بکاتەوە. سۆز زاڵە بەسەر ڕەفتاری تاکی ئەو جۆرە کۆمەڵگانەدا. مەترسی بەرهەمهێنانەوەی جنێو لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان لەوەدایە، کە پرۆسەی جنێودان و سوکایەتی بە خود و مێژووی نەتەوەکەمان، دەبێتە بیرێکی هەروەزی و تێکەڵی پەروەردەی خێزان دەبێت و دەربازبوون لێی کارێکی ئاسان نیە. نموونە ئەو باوک و





دایکانە جنێو بە منداڵەکانیان دەدەن، ئەوانیش(منداڵەکانیشان) بە هەمان شێواز درێژە بە جنێو دەدەن. لە وڵاتیکی وەکو سوید جنێو عەیبە، منداڵەکان لە منالیەوە دەزانن ئەوە کارێکی خەوشە و بەرام بەرەکەی پێ بریندار دەبێت. ئەو منداڵانە کە گەورەش دەبن، لە کاتی قسەکردندا زمانێکی خاوێنیان دەبێت.

کەواتە جنێودان نەک تەنها دەروونی تاکی کۆمەلگەی کوردی دەشکێنێت، بەڵکو ئاسۆکانی ئازادی و دیموکراتی لێ دادەخات و هەست نەتەوایەتیش هێندەی تر، تووشی سەرەڕۆیی و ووشکبوون دەکات. بۆ ئەوەی هەڵەی ساڵانی پێشوو(بەتایبەتی شەڕە جنێوی ( مەلایی، جەلالی، شیوعی و ..هتد) بەرهەم نەهێنرێتەوە، ئەرکی شانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، کە بەزمانێکی نەرم و هوشیارانە، کار بکات بۆ ئەو گۆڕانکاریە. پێویستە بەرنامەیەکی بەرفراوانی هوشیارکردنەوە لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە بخرێتە ڕو. پێچەوانەکەش(جنێودان) دەبێتە هۆی لاوازی پێوەندیە هەمەلایەنەکان، بەتایبەتی زمانی دیالۆگ و کۆمۆنیکاسۆن، کە تاکەکان پێکەوە گرێ بدات.

سەرچاوەکان:

, S. (2008). Sveningsson , M.& Svenings *Changing Organizational Culture, Cultural change work in progress*.LONDON AND NEW YORK : *Routledge*

Yukl, G. (2006). *Leadership in organization.* United States of America. ISBN 0-13-149484-8





**دارا دوای دیتنی دوو دار* فێری فەیس بووک بوو**
**هێشتا فازل میرانی برنەو لەشانێکی دەست بە تەورە ***

ئاڵۆزی کەرکوک،
هەوڵێکی تری دەسەلاتە بۆ خۆ دزینەوە
لە چاکسازی و لە باربردنی ڕاپەرین دژی گەندەڵی
ڕەخنە

ئاسۆ بیارەیی
٢٥-٢-٢٠١١ سوید

بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە دژی منداڵان و گەنجانی کوردستان، سەرباری تەقەکردن و کوشتنیان هێمایەکی زەق و دیاری دەسەلاتی کوردییە کە لەبەر گەندەڵی بێ ئاگایە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانەی کە دەیبەن بەڕێوە بڕوایان بە ماف و ئازادی کەسانی ترنیە. وازنەهێنانیان لە دەسەلات ئەوە دەگەیێنێت کە ئەوان خۆیان بەراست دەزانن و جەماوەر بە کۆیلە. سێ مێرمنداڵ کوژران و پتر لە سەدو سی زیاتر بریندابوون، با زیانی ئابوری بوەستێت بە هاولاتیان، بەلام دەسەلات درێژە بە گاڵتەجاڕی خۆی دەدات و ڕۆژانە هەندێ کەس و مەلا بۆ پێنەوپەڕۆی ڕاگەیەندنەکانی خۆی پێ پردەکاتەوە.

ئەوەی کە پێویستە دەسەڵات بیکات و پەلەو هەنووکەییە، ئەوەیە کە دەبێ بارزانی دووەم(مسعود) داوای لێبوردن لەو قوربانیانە بکات و کەسانی وەک فازل میرانی کە یەکیکە لە هێماکانی شەڕی

مەلالی- جەلالی، لابەرێت و ئەو پۆستەی کە هەیەتی لێی بسەنرێتەوە. لێ ئەو کەسانە لە زمانی هەڕەشە زیاتر ئاخافتنێکی دی نازانن. بوونی ئەو جۆرە کارئەکتەرانە لە ناو هەر ڕێکخراوێکدا ڕەنگ و ڕەفتارێکی شەڕو چاوسورکردنەوەن، نموونە چۆن کە کەسێک کە پارتییەکەی نازناوی دیموکراتی هەڵگرتوەو منداڵان و لاوانی بێ چەک بە ئاژاوەچی دەناسێنێت؟ جگەرگۆشی خەڵکێکی هەژار کە باوکیان رەنگە لە مانگێکدا دەڕۆژ پتر کاریان نەبێت؟. ئەو جۆرە کەسانە هێما حزبە دیکتاتۆرانە ئامادەشن، ئەگەر بۆیان برەخسێت دەست و قاچی ئەو منداڵانە لە پێناوی مانەوەی پۆستەکەی خۆیان ببرنەوە، چارەنووسیان لە سەرۆکی لیبیا و سەددام باشتر نابێ، مانەوەیان تەنها مەسەلەی کاتە.

بارزانی دووەم(مسعود) دەبێ داوای لێبوردن بکات! چونکە ئەو خۆی بە سەرۆکی گەل دەزانێت، لە هەر ولاتێکی تری دیموکراتی بوایە، **حەڤدەی مانگ پێش هاتنەوەی بۆ کوردستان دەستبەرداری پۆستەکەی دەبوو.** بەڵام ئەو گەشتەکەشی نەبڕی و بێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلەکەی..ئەوەش خاڵی لاوازی سەرۆکێکە کە پێوەندی لە گەڵ جەماوەرەکەی خۆی پساندوە. تەنانەت ئەو ڕۆژە کەسێکی وەک بارزانی سێیەمی(نێچرەڤان)ی ڕاسپاردبوو، کە لەروی هونەری ئاخفتنی سەرکردایەتیکردنەوە زۆر خاڵی لاوازی پارتیی و بنەماڵەی بەرزانی دابەستەوە، لەوانە(..ئێمە تەعەدامان لێکراوە، ئێمە گوناهین و خەتامان نیە..هتد) لێرەدا دیسان ئەو ڕاستیە دەستەبەر دەکرێت کە ئەو پارتیە چەند گۆشەگیری سیاسەتێکی ناوخۆیی ڕێکخراوەییە کە دەروەی خۆی لێونە و لایەن و کەسانی دی بە نەیاری خۆی دەزانێت. ئەوە





یەکێکە لە نەخۆشیە کوشندەکانی ناو کۆمەڵگە کوردی. دەرئەنجامی ئەو نەخۆشیە سۆسیۆلۆجیەشە کە زۆربەی پارت و ڕێکخراوی کۆمەڵگە پاشکەوتوەکانی پێوەندییان بە جیهانی دەروەی خۆیان کەمە و بە گومانە سەیری ڕەخنەی بەرامبەر دەکەن. لە ڕوی دەرونیشەوە ئەو پەراوێزیەیە کە ڕەفتاریان درندە دەکات، بەتایبەتی کاتێک ڕەخنەکان دژیان چڕتر دەبنەوە. چونکە ئایدیلۆژیای ئەو پارتیانە وا ئاودێری هزری ئەندامەکانیان کراوە کە وەک ڕەبوتێکی بێ گیانی لێکردوون ئامادەی بەرگرییەکی کوێرن لە مانەوەی پارت و لایەنەکانیان.

تەقەکردن لە منداڵان و گەنجانی باشووری کوردستان باشترین نموونەی زیندووە کە **حەڤدەی شوبات** ڕویدا. بە دڵنیاییەوە ئەو ڕوداوانە دەبار و سەد بارەش دەبنەوە، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی شاخ، وەک فازل میرانی بیردەکەنەوە. بۆیە پێویستە بارزانی دووەم، وەک سەرکردەیەکی خەمخۆر، ئەو کەسانە سزا بدات و ڕێگە بە کادیری نوێ لە نێو حزبەکەی بدات و خۆشی ئیدی ڕۆلی سەرکردایەتی نەبینێت. ئەگەر وا نەکات شۆڕشی فەیسبوکی(دارا)ی لاوان ئەویش و لایەنی تریش لە دەسەلات دادەگرن و...ئەگەر جاران منداڵان کورد تەنها (دارا دوو داری) فێردەبوون، ئەمرۆ شۆڕشی ڕۆشنبری فیری فەیسبوکی کردن کە بەرگری لە مافەکانیان بکەن و نەهێڵن کەس ستەمیان لێبکات. کەواتە ئەگەر هەزارەهای وەک فازل میرانیەکان ببنە مولازم موحسین و پێشکەوتووترین چەکیان پێبێت بەرگەی شۆڕشی ئەوان ناگرن. منداڵان ئەمرۆ منداڵی بنەماڵە و حزب نین، منداڵانێکن کە جیهانین و هوشیاری جیهانییان زۆر لەو سەرکردانە بەرزە کە

چڵ ساڵە سەرکردایەتی دەکەن و هێشتا زمانی مشار و تەقەو تەعداکردن بەکاردەبەن.

---

* لە پەڕتووکی یەکی بنەڕەتییەوە وەرگیراوە: دارا دوو داری دی
* فازل میرانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی،





# بەشی دووەم

## توێژینەوە و بە دواداچوون

**وێستانێکی سۆسیال سایکۆلۆژیانە**
**لەسەر ئەو هێزانەی**
**کە داینەمۆی گۆڕانکاریان لە کۆمەڵگەدا بە دەستەوەیە**

شکستی و نسکۆ گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە کە چۆن پەند وئەزمون وەردەگیرێت

٢٣-٨-٢٠٠٩ سوێد

**"هیتلەر توانی "خود"ی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات بە "خود"ێکی هەرەوەزی و بیانکات بە دژی نەیارەکانیدا، .." (Berg(1992)/**

**مەبەستسازی**

ئەو هێزانە کامەن کە جڵەوی گۆڕانکاری کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە و هێندە بە کارن کە تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی لەژێر کاریگەری

ئەواندا ڕەفتار دەکەن؟ کامەیە کاریگەرترین میتود (شێوازی کارکردن) بۆ گۆڕان لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە؟

**پێناسەی Empowerment:**

ئیمپاوەرمەنت، ئەوە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە ئەندامانی ڕێکخراوێک بۆ ئەوەی بتوانن بە کارامەترین شێوە کاری خۆیان ڕاپەڕێنن و کۆششیان برژێتە کەناڵی ئەو ئامانجەوە کە پێکەوە کاری بۆ دەکەن. پرۆسەی ئیمپاوەرمەنت دەکرێت لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەیەکیش بەگشتی بکرێت. لایەنی ئەرێنی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە ئەندامەکان بەبزوت دەکات و لە هەمان کاتدا خۆیان بەبەشێکی گرنگی ئەو ڕێکخراوە یان پارتییە دەزانن Levi (2007). بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەندامانی پارتییەک هەمیشە چاوەڕێی بریار سەرکردەکەیان بن لە هەموو ئەرکێکدا و ئەو سەربەخۆییان نەبێت لەوەرگرتنی ئەو بریارانەی کە پێوەندی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیانەوە بێت، تووشی سستی و خاوی دەبن، داهێنانیان نابێت، چونکە دەسەڵاتێکی ئەو تۆیان بەسەر کارکردن و ئەرکانی خۆیانەوە نیە. مەرجەکانی Empowerment لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەبێت ئەو رابەرە زانیاری تەواو بە ئەندامەکانی بدات چ لەوی دابەشکردنی ئەرکەوە یان دیاریکردنی ئامانجەکان ڕێکخراو یان پارتیی.

**مەبەست لە گۆڕان چیە؟**

گۆڕان شێوازێکی نوێیە لە بیرکردنەوەی ژیان و داهێنانی کۆمەڵەێک پێوەری نوێ لە چوارچێوەی پێکهاتەیەک یان





سترکتورێک کە جیاوازبێت لەوەی پێش خۆی. ئەو گۆڕانە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەیە. ئەو هێزەی کە خاوەن گۆڕانە یان گۆڕان دەکات، بۆ ئەوەی بزوتنی کەسەکان و کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی نوێ بەرێت، دەبێت بتوانێت بۆچونی نوێ، ئاکار و ڕەفتاری نوێ بێنێتە داهێنان. لەسەر ڕۆشنایی چەمکی Empowerment کە دەبێت بەشێک لە دەسەڵات ڕادەستی تاکەکان بکرێت، پێویستە ئەو هێزە نوێیە خاوەن بەرنامەیەکی نوێ بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەمووان لە یەکەیێکی بەهێزدا کۆبکاتەوە. لەهەمان کاتدا دەبێت سەرکردەیەکی ووریا و لێزانی هەبێت، کە لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوخۆی ڕێکخراوەکە بۆ چالاکردنی ئەندامەکانی کاربکات بۆ ئامانجانە دوور و نیزیکەکانی.

بەپێی بۆچونی(2003) Giddens کە پلەی پرفیسۆری لە کۆمەڵناسیدا هەیە و تا ماوەیەکی زۆر ڕاوێژکاری (تۆنی بلێر سەرۆکی وەزیری بەریتانیای پێشو)بووە، ئەو هێزانەی کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە دەکەن بریتین لە مانەوەی خوارەوە:

**١. ژینەگە:** مەبەست ئەو ژینگەیە کە مرۆڤی تێدا دەژیت و بەپێی مەرجە سروشتیەکان تاکەکان ژیانی خۆیان دەگونجێنن و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی گونجادن و ڕاهاتن دروست دەکەن. بۆ نموونە بیرکردنەوە و بۆچونی کەسێکی ناوچە شاخاویەکان زۆر جیاوازە لە کەسێک کە لە بیابان بژیت.

**٢. ڕێکخراوەیی سیاسی:** پێشکەوتن و گۆڕانی تاک و کۆمەڵگەی ناوچەیەک یان میللەتێک بەندە بەو جۆرە ڕێکخراوەی کە ژیانی

تاکەکان ڕێک دەخات و تا چەند چالاک و کارامەیە. بۆ نموونە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەک کە نۆرمەکانی(پیوەرەکانی) بنەماڵە دەیبات بەڕێوە، زۆر جیاوازە لە گەڵ کۆمەڵگەیەکی کراوە کە تاڕادەیەک یەکسانی بنچینەیەتی. لەم خاڵەدا هێزی سوپایی سەرچاوەیەکی گرنگ پێک دەهێنێت بۆ دروستکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگەی وادا و تاکەکان هیچ دەسەڵاتێکی ناوخوی و دەرەکیان نیە، تەنها پەسەندکردنی ئەو هێزە سوپاییە نەبێت کە خۆی زۆرجار لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە بەسەریاندا دەسەپێنێت. بۆ نموونە ڕژێمەکەی سەددام.

**٣. فاکتەری کەلتور(فەرهەنگ):** ئەم فاکتەرە (،)فاکتەرگەلێکی پێکەوە لە خۆیدا گرێداوە لەوانە ئاین، جۆری پێوەندیکردن نێوان تاکەکان و ڕۆڵی سەرکردە. کاریگەری هێزێکی ئاینی نوێ لە گۆڕینی بیرۆکەی تاکەکان شوێن پێی لە کۆمەڵگەیەک گیر دەکات و بەرگێکی نوێی پێ دەبەخشێت، لێرەدا بۆ نموونە دەرکەوتنی ئاینی بودیزم بەسەرکردایەتی بودا. بودا خاوەن ئەو هێزە بوو کە لەڕێگەی ئاخافتنەوە توانی کا120
ریگەری تەواوی هەبێت لە سەر دەروونی تاکەکان و بۆچونیان بگۆڕێت. هەمان شت زەردەشت و حەزرەتی عیسا و سەرکردەی زۆر ئاینی دیکە.
لە فاکتەری کەلتوردا، هەندێ جاریش سەرکردەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کاریزماوە کاریگەر دەبن لە گۆڕینی بیرو بۆچونی کەسەکان و لە یەکەیەکی هەرەوەزیدا بۆ گۆڕانێکی نوێ پێکەوە گرێیان دەدەن و شۆڕشێکیان پێ دەکەن. بۆ نموونە گاندی لە وڵاتی هند.





**٤. فاکتەری ئابووری)**
لەگەڵ ئەو سێ فاکتەرەی سەرەوە، فاکتەری ئابوری لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی، گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی کەسەکان و کۆمەڵگە. ڕژێمی ئابوری سەرمایەداری لە دوا سەدەدا دیاری ترین کاریگەری خۆی لە سەر تاکەکان چ لە ناوخۆی سنووری نەتەوەکان یان دەرەوەی، بینی. بەهۆی خێرایی بەرهەمهێنانەوە و بڵاوبونەوەی تەکنەلۆژیاوە، پێوەندی ماکرۆ و میکرۆی نێوان گەلان، بەهێزوو پتەو بوو. بۆ نموونە پێوەندی نێوان تاکەکان بەهۆی ئینتەرنێتەوە گوژمێکی دایە شەپۆلی گۆڕان و نزیک بوونەوەیەکی لە نێوانیان دروست کرد. تاکەکان ئازادانە دوور لە دەستتێوەردانی دەسەڵات، دەتوانن پێوەندی بەجیهانی دەرەوەبکەن و ئاشنابن بەو نوێگەریەی کە لە ئارادایە. ئەم گۆڕانکاریە ئابوری و تەکنەلۆژیایە ئاستی سیاسی و کەلتوریش تێکەڵ بوو و نەتەوەکان بە ئاسانی دەتوانن گۆڕانکاری لە سەر یەکتر دروست بکەن.

لەسەر ڕۆشنایی ئەو بۆچونەی سەرەوە، ئایا ئەو هێزە کوردیانە کە ئەمڕۆ جڵەوی کومەڵگەی کوردیان بە دەستەوەیە، دەتوانن گۆڕانکاری بکەن؟ ئایا گۆڕانی گردەکە دەبێتە ژیلەمۆی گۆڕانکارییکی سەرتاسەری لە باشووری کوردستان؟

گومان لەوەدا نیە کە گەلی کورد چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵگە، دەبێت خۆی ئەو گۆڕانکاریە بکات کە دوو لایەن بێت، مەبەست گۆڕانی سەرخان و ژێر خانی خۆی، نەک هێزێکی دەرکی ئەو کارە بکات. لێ وەکو گۆڕانکارییەکەی ڕژێمی بەعسی لێ دێت

کە ئەمریکا ڕوخاندی و بووە گەڕەلاوژێ. گەلی کورد تەنها خاوەنی گەنجینەی خۆیەتی، دەبێت تەنها خۆی بەرامبەر ئەو گۆڕانە بووەستێتەوە و بە ئاراستەیەک پێشی بخات کە لە قازانجی نەوەکانی داهاتوودا بێت.

- پێش ئەوەی بچمە قوڵایی سەرنجەکانمەوە، پێم باشە کورتەیەکی زانستی کاری ڕێکخراوەیی و پێوەندی ئەندامەکان لەگەڵ سەرکردەو لەگەڵ یەکتر بخەمە پێش:

١. قۆناغی پاشکۆیی و خۆگرێدان: لەم قۆناغەدا ئەندامەکانی ڕێکخراو تەواو پاشکۆی سەرکردەن و هێشتا یەکتر باش ناناسن و پەشێویان پێوە دیارە و هەمیشە چاوەڕێی ڕێنمایی سەرکردەکەیانن. لە بەرئەوەی ئەندامەکان بەشێوەیەک تەواو یەکدی ناناسن و زۆر بەڕێزەوە لە گەڵ یەکتر دەئاخفن و هێشتا هیچ ڕۆڵێک لە بارەی ئیش و دابەشکردنی ئەرکەکانەوە دیار نیە. هەروەها ناتوانن بڕوایان بەیەکتر بێت.

٢ . قوناغی خۆ گرێدان بەگروپەوە /بەجێهێشتن : ئەم قۆناغە ناسراوە بە قۆناغی ناکۆکی لە نێوان ئەندامەکان لەلایەک و لە گەڵ سەرکردە لە لایەکی ترەوە. هەندێ لە ئەندامەکان خۆیان پابەند دەکەن بە ڕێکخراوەکەوە و هەندێکی تریش لە بەر ناکۆکی ڕێکخراوەکە بەجێ دەهێڵن. هەندێ لە ئەندامەکانی جوت یان چەند کەسێک پێکەوە هاوپەیمانی دروست دەکەن. لەم قۆناغەدا هێدی هێدی پرۆسەی گرێدانی گشتی وەکو ڕێکخراوێک دەردەکەوێت و





هەندێ پێوەری ڕێکخراوەیی دروست دەبێت. هەندێ لە ئەندامەکانی ڕۆڵی گونجاو خۆیان دەدۆزنەوە. لێرەدا پلەی پەشێوی و سەرلێشێواوی کەمتر دەبێت و ئەندامەکان زیاتر بڕوایان بە خۆیان دەبێت. هەریەکە هەوڵ دەدات لە پێناوی ئامانجی ڕێکخراوەکەدا کاربکات.

3. دروستبوونی بڕوا و ستركتور یان پێکهاتە: لەم قۆناغەدا لەیەک تێگەیشتن و هاوئاهەنگی ئەندامەکان دەگرێتەوە و گەیشتن بە ئامانجی ڕێکخراوەکە گرنگترین کار دەبێت بۆ هەموو لایەک. کێشەکان بە شێوەیەکی دروستکەرانە ڕێچکە دەگرن. ڕۆڵی سەرکردە لەم قۆناغە لە چاو دوو قۆناغەکەی پێشوودا کەمتر دەبێت وزۆرجار ڕێنمایی دەدات. هەروەها دەبێت هەمیشە پێوەندی کردن لەگەڵیدا ئاسان بێت و ئەندامەکان بتوانن دەنگیان پێ بگات.

٤. قۆناغی کارکردن: ئامانج، پێکهاتەی ڕیکخراوەکە جێگیرە و ئاستی کارکردن چالاکە. ئەندامەکان وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو کاردەکەن و لە ژینگەیەیەکی پتەودا پێکەوە دەژین. دیالۆگی ڕێکخراوەکە لە گەڵ ئامانجەکانی پەیوستە. هەروەها ئاستی پلان دانان و نوێکاری بەرزە. ئەرکی سەرکردە لەم قۆناغەدا تەنها هاندان و وەگەڕخستنی هێزی بەرەوە پێشچوونە.

٥. قۆناغی لەیەک ترازان و جیابوونەوە: لێرەدا ئەندامەکان دوای گەیشتن بە و ئامانجەی کە ڕێکخراوەکە هەیەتی، دوو ڕێگا دەگرنە بەر، یەکەمیان بەردەوامبوون و دۆزینەوەی ئامانجی نوێ و بەردەوامی لەسەر هەمان کار. دووەمیان خۆ جیاکردنەوە و

وازهێنان لە ڕێکخراوەکە. هەندێ ئەندامیش ڕێکخراوی نوێ دروست دەکەن. گەیشتن بەم قۆناغە لە ئەنجامی کۆتایی پێهاتنی ئامانجی ڕێکخراوەکە و لاوازی ڕۆڵی سەرکردەکەیە.

لێرەو دەتوانین ئەو ئەنجامە دەستەبەر بکەین کە بۆچی حزبی شیوعی کوردستان کە شابالێکی بزوینتەوەی چەپە نەی توانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت. ئێمە باباسی فاکتەری دەرکی نەکین، چونکە ئەو هوکارانە زانراوە کە نەیارانی چەپ چەند سەرسەختانە بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێت چەپ لاواز بکەن.

ئێمە پێویستە دەست بخەینە سەر ئەو کەلێنە ناوخۆیانەی کە دەبنە هۆی سست بوونی کارە جەماوەرییەکان:
تا ئەو جێییەی کە نایەکسانی و زۆرداری و چەوسانەوەی چینایەتی و چەوساوەکانی دی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، لەو شوێنەی کە دادپەروەری بوونی نیە، چەپەکان و زۆر هێزی تری مرۆڤخواز دەتوانن بەکاراترین شێواز خۆیان ڕێک بخەن بۆ بەرفراونکردنی جەماوەریان و گرێدانی کارەکانیان بە گەلەوە.

لە باشووری کوردستان، کە یاسای جەنگەڵ و نیمچە سەرمایەداری زاڵە بەسەریدا، کرێکاران هیچ مافێکیان نیە، ڕۆژانە ئافرەتان لەسەر ئابرو دەکوژرێن، منداڵان بێ دایەنگە و خانووبەرن، کۆمەڵگە بێ بیمەی کۆمەڵایەتییە،،چەپەکان دەتوانن لە نزیکەوە لە گەڵ ئەو خەڵکە کار بکەن. چەپەکان دەبێت:





- ڕۆژانە و بێ سڵەمینەوە دەست بخەنە سەر ئازارەکانی خەڵک و لە میدیاکان و بەرنامەکانیان کاری بۆ بکەنە و ڕوماڵی بکەن
- لە نزیکەوە شیکردنەوەی زانستی بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەر چارەی کێشەکانی خەڵک بۆ دۆزینەوەی چارە گونجاوە کە ببێتە مایەی ڕەزامەندی خەڵک، چونکە تەنها ڕەخنەگرتن بەس نیە. خەڵک کاری دەوێت. ئەوە هاوڕێ فەهدیش وادەڵێت(اقترنوا اقوالکم بأفعالکم) ووتەکانتان بە کارەکانتان بەراورد بکەن.
- پێویستە هەموو ئەندامێک ببێتە سەرکردەیەکی مەیدانی و وەڵامی هەبێت کاتێک پرسیاری لێ دەکرێت، نەک چاوەڕێی دەمی سەرکردەکەی بێت. سەیر جۆری کارکردنی ئەندامانی پکک بکەن
- پێویستە حزب هەمیشە کادیری نوێ دروست بکات و کۆرسی و ئاستی ئەندامانی بەرزبکاتەوە، بەتایبەتی لەمەڕ ئەو کێشانەی کە پێوەندییان هەیە بە کارە جەماوەرییەکان.
- پێویستە ڕێکخراوەکانی حزب، ئۆرگانێکی تایبەتیان هەبێت، کە ئەندامانی بە کاری چەپەکانی تری ئاشنا بکات و جۆرە پێوەندییەکی هەمیشە لە نێوانیاندا هەبێت.
- دەبێت پێوەندییەکی توندو و تۆڵ هەبێت لە نێوان ئەندامی حزب و سەرکردەکانی، بەئاسانی هەردوولا لەکاتی پێویستدا بگەنە لای یەک. ئەو پێوەندییە دەبێت ڕون و نەرمونیان بێت(شفاف) بێت.

- پێویستە ئەو سەرکردانە وەکەنارخرێن کە ناتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی چالاک ئەنجام بدەن.
- پێویستە حزب ئۆرگانێکی تایبەتی هەبێت، بۆ ژیانەوەی(ئاپ دەیتی) تیۆریەکانی چەپ ئەو میتودانەی کە دەبنە هۆی پێشخستنی حزب. لێرەدا پێویستە کارە سیاسیەکان بەڕونی دابەش بکرێن. ئۆرگانەکان دەست نەخەنە کاری یەکترەوە.
- کامپینێکی بەرفراوان بۆ ئاشتکردنەوەو نزیکردنەوە هەموو هاوڕێان و دۆستانی حزب و ئەو باڵانەی کەلە حزب جیابوونەتەوە.
- پێویستە لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ هەڵسگاندنی شکستی ئەم جارە حزب،کە بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی دوور لە گیانی خۆ بەزل زانین و پشت بەستن بەمێژوو، دەست بخاتە سەر ئەو کەموکوڕیانە کە دەبنە هۆی لاوازی حزب
- پێویستە ئەو پەیامە بدرێت بە هەموو ئەندام و لایەنگری حزب، کە حزب سەرچاوەی ئابوری و بژێویی نیە کە وەک فەرمانگە بێت،بەڵکو حزب ئۆرگانێکە بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵکی و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ کێشەکانی خەڵک. هەروەک ئێستا کۆمەڵێک سەرکردە و هاوڕێ خۆیان بەکارمەند دەزانن پێش ئەوەی خۆیان بەچەپ بزانن و مووچە لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار وەردەگرن بەسەر مێژووی حزبەوە.
- بەهۆی تەکنەلۆژیاوە،حزب بەئاسانی دەتوانێت پێوەندی بە جیهانی دەرەوە بکات و لەڕێگەی میدیایەکی چالاکەوە





خۆی بناسێت و کارو پرۆگرامی بخاتە بەردەم هەموو لایەک.

- حزب دەبێت ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاری و هەواڵەکان بکات و ببێتە سەنتەرێکی سەرچاوە بۆ ئەوەی جەماوەر ڕوی تێبکات. نەک بۆ نموونە وەک ئەمڕۆ کە سایتەکەی مانگێ جارێک نوێ نەکرێتەوە..
- ئەوەی لەم هەڵبژاردندا دەنگ و ڕەنگی نەبوو هاوڕیان بوون، بە تایبەتی سەرکردەکان. پێویستە سەرکردەکان هەردەم لە ناو جەماوەردا دیاربن.

سەرچاوەی زانستی بەزمانی سوێدی

Giddens, A (2003). *Socilogy.*’

Bergy, L (1992). *Den lekande människan.*

سەرچاوەی ئینگلیزی

Levi, D. (2001). *Group Dynamics for Teams.* London: Sage Publications

**ئایا هێشتا بزوتنەوەی گۆڕان بەشێک نیە لە کۆمەڵگەی کوردیٍ!**
**لەنێوان ڕێکخستنەوەی ماڵی داگیرکەران و شانازیدا!**

لە سێبەری دوایین هەڵبژارندا
بەدواداچوون

لەم ڕۆژانەدا بە بانگەشەی بارزانی دووەم (مسعود بارزانی) سەرۆکی ئێستای هەرێم لە باشوری کوردستان، لیستە براوەکانی هەڵبژاردنەکەی مانگی سێی ئەمساڵ، بەشدارییان لە کۆبونێکی چڕ و فراوان کرد. لەو گردبونەدا زۆر لایەن و کەسایەتی داوەت کرابون، هی وایان تیابو تەنها خاوەنی یەک کورسیی بو، بەڵام بون و ڕەنگی بزوتنەوەی گۆڕانی تیا نەبو کە خاوەنی بیست و پێنج کورسی لەسەر ئاستی کوردستان و هەشت کورسیش لە سەر ئاستی عێراقە.

ئەو گریمانەیە کە لێرەدا دروستبوە، ئایا بارزانی، سەرۆکی هەرێم، بزوتنەوەی گۆڕان بە بەشێک لە گەلی کوردستان نازانێت؟ یان ئەو بە پێوەرەکانی تۆڵەسەندنەوە کاردەکات (کە پێوەرێکی کۆنی بنەماڵە و پێوەندی خوێنە) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نەیارەکانیدا، چونکە کەسی سیاسی پابەندە بە بنەمای زانستی کاری سیاسی، سۆزانە بڕیاری لەو جۆرە نادات، چونکە زۆرجار لە گەمە سیاسیەکانی وڵاتانی دیموکراتیدا لە پێناوی بەرژەوندی گشتی گەلدا، لایەنی براوە حکومەت لەگەڵ پارتی نەیاریشدا دروست دەکات. هەڵبژاردنی ئەمساڵی وڵاتی سوید ئەوەی سەلماند کاتێ باڵی ڕاسترەوەکان کە کۆی زۆربەیان بەدەستنەهێنا، لە هەندێ خاڵدا بۆ

بەڕێوەبردن و قازانجی گشتی، لەگەڵ سۆشیال دیموکراتەکان ڕێککەوتن، بەڵام بۆ بارزانی ئەو کارەی نەکرد، تەنانەت لە ڕێگەی ماسمیدیای پارتەکەیەوە لە کێشەی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)دا کەوتە چاوسورکرنەوە، ئەوە کەلێنێکە، دەبێت سەرۆکی هەرێم چارەی بکات، ئەگەر خۆی بە خەمخۆری گەل دەزانێت. لێ ناکرێت بزوتنەوەیەک بیست و پێنج کورسی هێنابێت و پەراوێزبکرێت، یەکسەر بخرێتە سەنگەری دوژمنی نەتەوەییەوە. ئەوە هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە نابێت دوبارە بکرێتەوە، ئەگینا پێناسەی دیموکراتی تەنها دەبێتە ڕەنگ و ناوەڕۆکێکی قۆرخی دەبێت.

کردمان گۆڕان یان هەر لایەن و کەسێکی دیار لیستی کوردستانی لە بەغدا بەجێهێشت، کە کارێکی سروشتیە، چونکە دەبێت ڕێزی سەروەری ئەو بزوتنەوەیە بگیرێت، چونکە هەمو بزوتنەوەیەک خاوەن ئایدیا و بیری خۆیەتی، ئێ خۆ نابێ بە پێوەری پارتێکی دی سەیری بکرێت. ئەوەی بارزانی و یەکێتی دەیکەن تەواو هاوتەریبە لەگەڵ ئایدیا و پرۆگرامی پارتیەکانیان کە دیاری دەکات. گۆڕان سەربەستە لەوەگرتنی بڕیار و هەڵوێست، ئەوەش نایەکانگیریە لە بۆچونەکانی ئەو دو پارتە، بێگومان لێرەدا نەک تەنها گۆڕان، بەڵکو ئەو تاکانەش کە ڕەخنە لەو دو پارتە زلهێزە دەگرن، دەکەونە هەمان بازنەی نەیارانیەوە.

کەواتە، ئەگەر بارزانی، سەرۆکی ئێستای هەرێم، بە گیانی تۆڵەسەندنەوە و پێوەرەکانی بنەماڵە لە تۆڵە سەندنەوە و کینەوە، بزوتنەوەی گۆڕانی پەراوێز کردبێت، وێ دەچێت ئەندام و لایەنگرانی بزوتنەوەی گۆڕانی بەبەشێک لەو گەلە نەزانرێت کە لەگەڵی هاوڕان نین. کەواتە سەرۆکی





هەرێم وتەکانی خۆی ناخاتە کارکردن کە دەڵێت من خەمخۆری هەموو گەلی باشوری کوردستانم. کەواتە لەڕوی یاسایشەوە ئەرکی خۆی بەجێ ناگەێنێت ئەگەر گوێ بەهاونیشتمانیانی خۆی نەدات کە بەشێکی زۆر دەنگیان بۆ داوە. ئەی باشە بارزانی بۆچی باز دەدات بەسەر ئەو جۆرە کێشە مەترسیدارانەی ناو کوردستان و خۆی بە ناوبژیوانی داگیرکەرانی کوردستان (عەرەبی داگیرکەر) دەزانێت. مەگەر یەککڕیزی گەلی کورد گرنگە یان یەککڕیزی هێزە عەرەبیە داگیرکەرەکان؟ بارزانی دەبێت وەڵامێکی دروست و ڕون بە شەقامی کورد بدات، کە ئایا ئەو تەنها سەرۆکی بنەماڵە وپارتیە، یان سەرۆکی هەمو تاکێک لە باشوری کوردستانە؟ ئەدی چۆن هێزێک کە نیو ملیۆن کەس دەنگی پێ دابێت پەروایێزی دەخات؟.

گریمانەی دوەم: لەنێوان ڕێکخستنەوەی ماڵی داگیرکەران و شانازیدا! ڕاگەیاندنی پارتی و تەنانەت سکرتێری یەکێتیش زۆر شانازی دەکەن بەو دەسپێشخەرییەی بارزانیەوە، کە ماڵی داگیرکەرێکی لەوپەڕی ناکۆکیدا هاوکۆک کردوە. هەرچەندە گەرەنتی ئەوش نیە کە ئەو داگیرکەرانە بەڵێنەکانیان بۆ کورد بهێننە دی، لێ ژیانی پێکەوەی کورد و داگیرکەران ئەوەی سەلماند کە ئەوان (داگیرکەران)، هەمو کاتێ لەگەڵ کورد درۆ دەکەن و هەوڵی ئەوەیانە کە پیلان بگێڕن، بارزانی و پارتیش خاوەن ئەزمونێکی دەوڵەمەندە لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراقی داگیرکەر ...ئیدی بۆ دەبێت ئێمە بە هێزکردنی داگیرکەران بە دەستپێشخەری بزانین و شانازیش بکەین. ئەو کارەی بارزانی کاتێک جێگەی شانازی بو، کە بە ئاراستەیەک ڕابەری لایەنە کوردیەکانی بکردایە کە هەمو پێکەوە ئامانجی بۆ نمونە ناوچە داگیرکراوەکانیان بخستایەتەوە سەر باشوری کوردستان.

ئایا بارزانی ئەو کارەی کرد یان گوێ بە ئاشتەوایی نێوان لایەنەکانی کوردستان نادات؟.

نزم سەیرکردنی خود و هاونیشتمانیانی خۆ یەکێکە لە و نیشانە ترسناکەکانی کە هەندێ کۆمەڵگەی ژێردەست وەک کۆمەڵگەی کوردی پێوەی دەناڵێنن. بارزانی دوەم بۆ پتەوکردنی یەکڕیزی ماڵی کورد و چەسپاندنی دیموکراتی، دەیتوانی پێشتر، پێش بانگەشەی داگیرکەران و ئاشتکردنەوەیان، هێزە کوردیەکان ئاشت بکاتەوە، نەک تیمارکردنی برینەکانی داگیرکەرێکی ترسناک کە هەزارەها مرۆڤی کوردی ئەنفال کردوە و تائێستاش دان بەوەدا نانێت، کە دورنیە بەیانییەکی نزیک ژەهر بەسەر کوردستاندا نەڕژێتەوە. بارزانی چۆن دەتوانێت گەرەنتی بدات بە کورد کە جارێکی دی عەرەب پەلاماری کورد ناداتەوە (بڕوانە لینکی هاوبەش)، بە چ ویژدانێکەوە لهگەڵ بەعسیەکی وەک نەجەفیدا گفتوگۆ دەکات، بەڵام ئامادە نیە لهگەڵ هێزێکی کوردیدا دانیشێت! ئایا ئەوە لای مرۆڤی هوشیار و نیشتمانپەروەر دەها پرسیار دروست ناکات؟. ئەی ئەوە نزم سەیرکردنی خود و بەرزنرخاندنی داگیرکەران نیە؟ ئەی ئەوە لەروی دەرونیەوە نیشانەی شکستی و دارمانی کەسێتی نەتەوایەتی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی نیە؟ ئەدی کایەی ئاشتکردنەوەی ئەیاد عەلاوی کام هونەرە کە چاویان کورد و کوردستان نابینێت.!

---

http://www.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=31518&cat=1

http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=5064&z=7&l=1





## چۆن پەنجەکان یەکتریان شکاند ؟



# پەنجەکان یەکتر دەشکێنن

**سوێد ٢٠١٣-٢٠١٤**

بە دواداچوون

لە تەرازووی دیدێکی دەروونناسیانەی کۆمەڵناسیانەی- سیاسیەوە

<u>پێشەکی</u>

ڕووداوەکانی باشووری کوردستان کە نەوشیروان موستەفا نووسەری پەڕاوی(پەنجەکان یەکتری دەشکێنن) نوسیوویەتی خۆی لە ٣٣٦ لاپەرە دەبینێتەوە و وەک ئاوێنەیەکی مێژوو ئەو ڕووداوانە کە خودی نووسەر بەشداریی ڕاستەقینەی هەبووە، راشکاوانە باس دەکا. پەڕاوەکە چەند هێڵێکی سەرەکی دیار و کۆنکرێتی تیایە، بەدەر لەوەی کە بە زمانی کوردی سادە و هی سەردەمی خوێندنی عەرەبی تۆمارکراوە، لە ڕووەکانی دییەوە, دەبێتە گەنجینەیەکی وێژەویی، کۆمەلایەتی، سیاسی و جوگرافی بۆ نەوەکانی دی.
لە ڕووی وێژەییەوە نووسەر توانیویەتی بەشێوەیەکی سانا و پاراو، تا ڕادەیەکی بەرچاو، ڕووداوەکان تۆمار بکات، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا ووشکی و رەقی پێوەدیارە، ئەوەش پەیوەستە بەو بار و ژینگە سیاسییەوە کە نووسەر تێیدا ژیاوە.

<u>بۆچی گەنجینەیەکی کۆمەڵناسیانەیە؟</u>

نووسەر توانیویەتی کۆی خێزان، بنەماڵە، تیر و تایفەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی ئەو بنەمالانەی کە لەو پارچەیەدا دەسەلاتداران، بێنێتە ناسینێکی سادەو ڕەوان و سەرچاوەی کێشەکانیان، ناکۆکیەکانیان بخاتە بەردەم خوێنەر و بە





جومگەکانیادا بچێتە خوارەوە. هەرچەندە نووسەر شارەزایی تیوری کۆمەڵناسی نیە، بەلام تا ڕادەیەک بەستەری کۆمەڵگەی کوردی و پێکهاتەکانی پێناسە کردوە.
نووسەر توانیویەتی شیوەی هەرەمی قەوارەی کۆمەڵگەی کورد شرۆڤە بکا و لێکدانەوەی بۆ بکا و پیوەندییەکان و جۆرەکانی، چلە نیوان تاکەکان یان بنەمالەکان دەستنیشان بکا. بەداخەوە نووسەر نەیتوانیوە پابەندی کرۆنۆلجی نووسین بێ، بە تایبەتی کاتەکان پەیرەوبکات و لە زۆر لاپەرەدا سەری لە خوێنەر تێکداوە. بۆ نموونە نووسەر لەسەر مانشێتی بەرگی کتێبکەی کە دەبارەی ڕووداوەکانی( ١٩٧٩- ١٩٨٣)ە، بەلام لە ناوەڕۆکدا، بە تێکەڵ و پێکەڵ باسی سالآنی زووتر و پیکهاتەی بنەمالەکانی بەرزان دەکا.

<u>چۆن پەنجەکانی یەکتریان شکاند؟</u>

پەنجە سیاسیەکان، کە مەبەستی نووسەر، ئەو هێزە بزوینەرانەن کە کۆمەڵگەی کورد دەبەن بەریوە ، دیاری کردوەو وهۆکاری هەوڵدانی هەموویان بۆ شکاندن و پساندنی پەنجەکانی یەکتری خستوەتە بەر تیشکی شرۆڤە. من ئەو جۆرە شرۆڤە و بوێریەی نووسەرم، لە شرۆڤەکانی ئەیوب بارزانی بینوە(الحركة التحريرية الكوردية و صراع القوى الاقليمة و الدولية ١٩٥٨-١٩٧٥) بینیوە کە باسی پێکهاتەی بنەماڵەکانی ناوچەکانی بادینان و بە تایبەتی بارزانی دەکا، هەرچەندە دژایەتییکەی (نووسەر) رون و دیارە کە دژ بەو بنەماڵەیەیە کە نووسەر حەزی پی ناکا و هەندێ جاریش بابەتی نیە.
نووسەر بێ سڵکردنەوە باسی سەرکردایەتی ئەو شەڕانە (سیاسی و سەربازی) دەکا کە خۆی راستەوخۆ سەرکردایەتی کردوون.

لێرەدا تیشکی خستوەتە سەر هۆکارە سەرەکیەکەی ئەو پەنجە شکاندنە، ئەویش نەبوونی دیموکراتی و بینینی دوو ڕەنگ، ڕەش و سپی. کە لەو ماوەیەدا بگرە پێشتریش، لەشەڕی مەلایی-جەلالیدا، کۆمەڵگە لە مێژە پیوەی دەناڵێنێ. نووسەر بێ ئەوەی بزانێ خۆی دینەمۆی لاباڵێک و ئەندازیاری ڕابەری کردنی ئەو شەرانە بووە. خۆی کەسێکی کارا بووە لە داڕشتنی پیلان و سەرکردایەتی کردنی بەشێکیان.

پەنجەکان، سەربارى ئەوەى ووزەیەکی بێ سنوریان بۆ شکاند و ریسواکردنی یەکتر تەرخان کردبوو لە هەمان کاتدا گورزی کوشندەیان لە نەیاری هاوبەش داوە، بۆنموونە شەڕی هەندرێن کە شیوعیەکان کردیان و بەرزانی باوک(مەلاموستەفا) کردی بەسەرکەوتنی خۆی(لا ٩٣ شەری هەندرین و شیوعیەکان، نەوشیروان موستەفا) و وەک کارتێکی فشار لەسەر حکومەت و نەیارە ناوخۆییەکانی(جەلالی) بەکاری هێنا. نووسەر لێرەدا بابەتیانە باسی ئەو شەرەی نەکردوە و لە بایەخی کەم دەکاتەوە، جۆریکە لە قامک شکانی سیاسی نەیارانی کە خوێ تێدا بەشدارە.

نووسەر بابەتیانە و بێ ترس ئەو روداوانەی تۆمار کردوە کە خۆی بەشدار بووە یان لەگەڵ هێزە نەیارەکانی دی، بۆ نموونە کە چۆن پارتی/ مەلایی تاوانیان بۆ ڕیکخستوە، (لا.١٠٠ دەربارەی نارنجۆکەکەی ئامادەیی سلیمانی کچان، نەوشیروان موستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن) هەروها بروانە( مسعود بارزانی ٢٠٠١ ،هەولێر*) و نووسەر چۆن روونکردنەوەیەکی داوە، ئیدی لیرەدا دەبێ دادگایەکی سەربەخۆ ئەو رووداوە شیبکاتەوە دوور لە دەستیوەردانی حزبی، ڕاستیەکان بخاتە ڕو.





زۆر جار، لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان، هەموو بەستراونەتەوە بەیەکەوە و پێوەری بنەماڵەو خیل، ئەوسا و ئیستای کۆمەڵگەی کوردی بردوە بەرێوە، کارئەکتەرەکان هەمان کەس بوون، بۆ نموونە، کۆمەڵکوژی هەکاری(ساڵی ١٩٨٧) و قرکردنی شیوعیەکان لە کانی ماسی/ سلیمانی((١٠/٩//١٩٦٤))، نووسەر ناچار بووە باسی سالانی پێش ١٩٧٩ بکا. بۆ نموونە سیاسەت و پیوەندییەکانی دەرەوە، کە چۆن مەلا موستەفا هەوڵی داوە تاکرەوانە هەموو بریارێک دەستەمۆ بکا، بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ تا دوا سات یەکیتی سۆڤیەت لەریگەی وەڤدێکەوە( لەناویاندا عزیز موحەمەد)، هەوڵدەدەن کە مەلا موستەفا شەر نەکاتەوە کارەسات تووشی گەلی کورد نەکا، بەلام بارزانی یەکەم(مەلاموستەفا) سەربەخۆییانە بریاری شەڕکردنەوە دەدا و دواتریش کارەسات تووشی هەموو کورد دەکا و بە ئاشبەتاڵێک کە تا ئەمڕۆ ئەنجامە ترسناکەکانی بە کۆمەڵگەی کوردییەوە دیارن(لا ١٠٩ نوینەر ڕوسیا پێش شەری ١٩٧٤ و ئاشبەتاڵ، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن)، بروانە جەواد مەلا(١٩٩٠، لا ٥١-٦١) چون ئەمریکا لەڕێگەی شای ئێرانەوە بەرزانی یەکەمی هان داوە بۆ شەڕکردنی دژی عیراق سەرەتای سالانی حەفتای سەدەی پێشو، ودوای ئاشبەتاڵیش، بەنامەیەکیش دڵنەوایی ئەو کارەساتەی نەداوەتەوە بگرە بە مافی ئەمریکا زانیوە بەرگری لە بەرژوەندی باڵای ولاتەکەی بکا و بگرە هاودەنگ بووە لە گەڵ رژێمی ئێران.

نووسەر بە ڕوونی دەستی خستوەتە سەر شیوازی رەفتارەکانی مەلا موستەفا کە چۆن لە هەر شوێن و لای ولاتێک شتێکی ووتووە و سیاسەتی ڕوونی نەبووە، بۆ نموونە لای رووسەکان

ووتویەتی ئەگەر هاوکاریم بکەن، کوردستان دەکەمە قەلای کۆمۆنیزم، لای شاشی ئێرانیش وتویەتی: ئیمە هەموو رەگەزی ئارین و لای ئەمریکیەکان شتێکی دی. ئەوەش لاوازی توانای ئەوسەرکردەیەی نیشان داوە، کە وای زانیوە دەبێ بزوتنەوەی کورد وەک دانیشتنی دیواخان ببرێت بەریوە، (بروانە لاپەرەی ١١٠ هەمان سەرچاوە). شایەتی باسە بۆ پشت راستکردنەوە ئەم قسەیە ئەحمەد بانیخیلانی لە بیرەوەرییەکانیدا و ئەیوب بارزانی و تەنانەت دکتۆر مەحمود سۆرانی لە کۆنگری هەلسەنگاندنی قیادە موەقەدا ( ١٩٧٦)هەمان باسیان کردوە، ، هەروەها نامەکانی هینری کیسنجەر دەربارەی کەسێتی مەلا موستەفا، دەزگای سیخوری( سی ئای ئەی) کیسنجەر بەرزانییان بە کەسێکی سەرەرۆ و بێ بەرنامە ناساندوە و وەک سەرۆک خێلێکی تاکرەو پێناسەیان کردوە (بروانە البارزانی و کیسنجر و الدولة الكوردية لا، ٦٠- جەواد مەلا). ئەمەش ئەوە دەگەێنی کە نووسەر (نەوشیروان) خوێندنەوەیەکی دروستی هەبووە بۆ ناسینی تاکرەویی کەسێتی بەرزانی و هەستی بەو ئەنجامانە کردەوە کە ئەگەر بارزانی یەکەم(مەلا موستەفا) بەو شێوەیە بەردەوام بی کارەسات تووشی کوردستان دەکا، ئاشبەتال بەنموونە سالی ١٩٧٥. کەزۆرجار پارتی و بنەمالەی بەرزانی وا لە ناو ئەندام و لەبەردەم گەلی کوردا باسی دەکەن ، کە گەلەکۆمە و پیلانگێری بووە. پەیوەست بەوە، پیویستە باسی ئەنفال و جینوساید بکەین کە درێژەی هەمان هەلەی سەرکردایەتی کوردە بوو، بەهاوکاری بێ مەرجی سوپای پاسدارن( یان سەردەکەوین یان ئەترین بروانە یادو ئەزموون، پشکۆ نەجمەدین ٢٠٠٩)، کە بەداخەوە بە لە ناوچوونی ١٨٢ هەزار مرۆڤی سڤیلی کورد کۆتایی هات. شەری چل سالەی مەلایی-





جەلالی ، مەلایی و-شیوعی(١٩٧٤) و سالانی ١٩٩٤-١٩٩٨ بەشێکی تر رەفتاری تاکرەوی سەرکردەکانی کوردە. نووسەر دیسان لە کتێبی( خولانەوە لە ناو بازنەدا لا ١٤٤-١٤٧) باسی هەمان هەلە دەکات کە خۆدی کە خۆشیان وەک رابەرێ و یەکێتی، هەمان هەلەی کوشندەیان کردوە لە گرتنی شاری هەلەبجە بە هاوکاری لە گەل هێزەکانی دی و سوپاسی پاسدارانی ئێران لە رۆژی ١٤ ی سێی ١٩٨٨).

خالی دی

لەشوێنیکی دیدا، نووسەر پەنجە دەخاتە سەر ئەو خالە لاوازانەی، ئەو بزوتنەوەیەی کە خۆی بەرپسێکی گەورەبووە تێیدا، بۆ نموونە کاتی مردنی بەرزانی یەکەم(مەلاموستەفا) لە سالی ١٩٧٩ هەرچەندە نەیاریش بوون،(لا ١١٦ دەبوو سەرەخۆشی لە مردنی بارزانی بکەین، هەمان سەرچاوە). وەک ئاماژەم پێدا هەر چەندە دێکومێنتی دی لەبەر دەستدا نیە کە تا چێاستێک نووسەر رووداوەکانی ڕاستگۆییانە گیرابێتەوە، بەلام بەهۆی بوێری لەباسەکاندا، دیسان بە پشت بەستن بە کتێبەکانی(بەرزانی دووەم، دکتۆر مەحمود سۆرانی، ئەحمەد بانیخێلانی، جەواد مەلا و م.پشکۆ نەجمەدین و تالەبانی) نووسەر توانیوەتە هەمان ئەو رووداوانە نیزیک تا ڕادەیەک بابەتیانە باس بکا.

بەراورد و ئەنجامگیری

نەبوونی دیموکراتی و ئاستی هوشیاری کۆمەلگە و لەق نەبوونی باوکسالاریی و پیوەرەکانی بنەمالە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان و هاندەرەکانی پەسەند نەکردنی یەکتر و هەولدانی

بێ پسانەوە بۆ ملشکاندنی یەکتر، شکاندنێک کە وای کردووە یاسای خوێن بەخوێن و مردنی یەکتر ببێتە جێگەی زەماوەنی شادی هێزەکان بێ. بیردۆزی کۆنستپراشون( نظرية المؤامرة) ببێتە ڕایەڵێک و هێزەکان هەردەم خۆیان بەراست بزانن و تەنانەت پەناش بۆ داگیرکەرانی کوردستان بەرن بۆ سڕینەوەی یەکتر.

کاریکی ئەرێنی و بە سوودە کە سەرکردەکانی دی، بەهەمان شێوە، یادەوەرییەکانی خۆیان تۆماربکردایە، تاکو لە دواڕۆژدا توێژینەوەیەک یا بەدواچوونێک لەسەر ڕەوت و ئەجێندای ناو بزوتنەوەیەک، کە چل ساڵە پتر خوێن دەبارێنێ، بکەوتایە بەردەم خوێنەر. ئەوسا ڕووداوەکان ئاسانتر شی دەکرێنەوە و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان هەڵدەسەنگێنرێن. ئەوەش سوودی بۆ هەموو گۆڕانکاری و پێشەوەبردنی کۆمەڵگەی کوردی دەبێ. ڕاستیەکان تاڵن، بەڵام ئەگەر بابەتیانە بۆ دیاردە مێژووی و ڕووداوەکان نەروانین، بەردەوام دەبین لە بەکارهێنانی پەنجەکانمان بۆ خنکاندن و ملشکاندنی یەکتر.





سەرچاوەکان


- نەوشیروان موستەفا ئەمین. ١٩٩٧. پەنجەکان یەکتر دەشکێنن.
- نەوشیروان موستەفا ئەمین. ١٩٩٩. خولانەوە لە ناو بازنەدا.
- جواد ملا. ١٩٩٠. البارزاني و كيسنجر و الدولة الكردية.چاپی سوێد
- ئەحمەد بانیخێلانی، ١٩٩٧ بیرەوەرییەکانم، چاپی سوێد
- أيوب بارزانی ٢٠١١ سويسرا. الحركة التحررية الكوردية و صراع القوى الاقليمية و الدولية. ١٩٥٨- ١٩٧٥)
- مسعود البارزاني ٢٠٠١و الحركة التحررية الكوردية،(١٩٦١-١٩٧٥). حول رمي قنبلة يدوية من قبل جحوش ١٩٦٦ مدرسة بنات في مدينة السليمانية.
- نەجمەدین، پ. (2008). *یاد و ئەزموون*. سوێد: چاپخانەی کتابی هەرزان، چاپی یەکەم
- Carlsson Helén och Nilsson Agnete. (1999). *Ledtrådar till ett moget ledarskap.* Lund: Studentlitteratur


**تێبینی**

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بەدواچوونە تەنها بە پرسی نووسەر دەبێ**

# دوا وشە

**بۆ چەسپاندنی دیموکراتی،**
**نابێت ترس لە گۆڕان و گۆڕانکاری هەبێت!**

هەرچەندە سەرەتای هەمو گۆڕانێک سەخت و دژوارە، هەرچەندە ئاسان نیە کە جێگە بە هێزە کۆنەکان بلەقێنرێت و دژی پێوەرەکانیان کاربکرێت، هەرچەندە سەرەتای گۆڕان نیمچە ئاژاوەیەک و ڕەوتێکی نادیار دروست دەکات، بەڵام بۆ زیندوراگرتن و بەرەو پێشبردنی ئەو کۆمەڵگەیە گۆڕانکاری پێویستە.

خواستی گۆڕان لەوە سەرچاوە دەگرێت کە چەند توێژێک یان بەشێکی کۆمەڵگە ئامانجەکانی خۆیان لەو هێزە کە دەسەڵاتی هەیە نابینن و ناچار بە هەر شێوەیەک بێت خۆیان ئۆرگانیزە دەکەن. بزوتنەوەی گۆڕانی ئەمڕۆی باشوری کوردستان، هەروا هەڕەمەکی و بێ بزوت سەرچاوەی نەگرتوە. ئەو تاک و توێژانەی کە ئەمڕۆ بانگەشەی گۆڕان دەکەن، هەرچەندە هەندێ لەسەرکردەکانیان هەمان سەرکردەی جارانن، لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەرو هۆکاری سەرەکی ئاڵای گۆڕانیان هەڵگرتوە، لەوانە:
*زۆربەی ئەوانەی کە بانگەشەی گۆڕان دەکەن لە لەشکری لاوان پێک هاتون لە زۆر لاوە لەلایەن دەسەڵاتەوە مافەکانیان پشت گوێ خراوە و گوێیان لێ ، لەوانە مافە سەرەتاییەکان (چارەسەرنەکردنی پێدانی موچە بەرێک و پێکیی ، قەیرانی کارەبا، ئاو، ئابوری، نیشتەجێ بون و زۆر کێشەی دیکە) کە گرنگن بۆ ژیانی ڕۆژانە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە کەسانی دەسەڵاتدار و خێزانەکانیان لەوپەڕی هایلایڤ و دەوڵەمەندیدا دەژین.

ئەوانەی کە دەخوازن گۆران بکەن، خۆیان لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشدار نابینن و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن کۆمەڵەی بنەماڵەوە، خستونیەتە بازنەی لەبیرچوونەوە. ئەمەش هەستی ناڕەزاییان لا دروست کردوە.

دەسەڵاتی کوردی، لایەنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، لە ئیسلامییەوە، تەنانەت تاکو بەرەی چەپیش کەم تا زۆر. شانسی خۆیان لە ماوەی ٢٤ ساڵ زیاتر تاقی کردەوە و مژارەکان نیشانی دا، کە ئەوان شکستی گەورەیان بۆ کۆمەڵگەی کوردی لەباشوور هێناوە. دروست بوونی گۆڕانێکی نوێ، ئیدی ئەمڕۆ بێ یان سبەی، لە دایک دەبێ و ئەو سیستەمە گەندەڵە وەک حکومەتەکانی ناوچە هەرەس دێنێ.

ئەوەی کە زۆر ترسناکە و ئەمڕۆ بەرۆکی گەلی کودی گرتووە، ئیسلامی سیاسیە، کە هاوەڵەکانی(داعش)ە و لەبەرەکانی جەنگ، شکستی گەورەیان لەگەڵ پێشمەرگە و گەریلاکان هیناوە و دەیانەوێ ئەو شەرە بە شێوازێکی دی و بە بەرنامە بکەن، ئەویش لەرێگەی شەڕی ئایدیۆلۆژیانی ئاینی و مزگەوت و وەزارەتی ئەوقاف، و وەک سەنگەرێک بەکاردەهێنن. بەداخەوە بزوتنەوەی گۆڕان، تا رادەیەک ئەو هێزەی لە باشووری کوردستان چالاک کردەوە و بگرە پشتیوانیشی کرد، تاکو ئاشکرا بێتە مەیدان. ئەمڕۆ

ئەو هێزە پاشکەوتوو خوازە( ئیسلامی سیاسی)بە سوو وەرگرتن لە شەری براکوژی سالانی ١٩٩٢- ١٩٩٨ و یەک نەگرتنەوەی دامەزراوە گرنگەکانی باشوور، توانی لەشکرێ لەگەنجان بەلای





خۆیدا ڕاکێشێ و ببێتە خاوەن ئەو هیزەی کە توانای ئەوەی ببێت بخزێتە ناو ژیانی پەرلەمانتارییەوە و زۆر لە یاسای شارەستانی چۆک پێ بدا.

کۆمەلگەی کوردی لەباشوور، پێویستی بە هێزێکە، کە لەسەر کۆڵەکەی نوێ، گۆڕانێکی شارەستانیانە، لە بیرکردنەوەی تاک، کە یەکسانی ژن و پیاو، دادوەری کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی گشتی بچەسپێنێ و بەکردەوە و پرۆژەی توکمە کار بکات. ئەو هێزە جیاواز بێ لەو هێزانەی پێش خۆ و دوور بێ پاوەنخوازی. هێزێک کە بتوانێ ئەرکی سەربەخۆیی ئەو پارچەیەی کوردستان ڕابەری بکا. هێزیک کە بتوانێ سەروەری زمان و فەرهەنگی کوردی بپارێزێ و خەمی سامانی نیشتمانی بخوا و سنوورێکی بۆ دەستتێوەردانی دەرکی دابنێ....هتد

ئاسۆ بیارەیی
٣١-١٢-٢٠١٤ سوێد



بیۆگرافیا و بەرهەمەکانم

ئاسۆ بیارەیی کێیە

- ❖ شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- ❖ خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی. لە ١٩٨٣ تا پایزی ١٩٩٠ پێشمەرگە و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وولاتی سوێد تەواو کردووە

بەرهەم:

- ❖ کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەلایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ❖ لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بەکوردی
- ❖ کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ❖ ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تێزی زانستی بەزمانی سوێدی
- ❖ پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ❖ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ❖ ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنان و کچان) ڕەوندی کورد. توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٩
- ❖ گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە





- ❖ ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونە ٢٠١٠
- ❖ لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی
- ❖ چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەڕەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
- ❖ سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠
- ❖ لەنێوان بێ ڕەنگی و نەبووبی هەستی نەتەوایەتی نیشتمانیدا ٢٠١١
- ❖ کاریگەری ئەنفال لەسەر ژنان و کچانی کورد. چاپخانەی مەتین لە سلیمانی ٢٠١٣
- ❖ یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ١٩٨٦ -١٩٩٠ بەرگی یەکەم. ٢٠١٤